تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
ماسك بەستن
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە(6012) دووشەممە 28ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، دۆخی ئەمنیی وڵات تاوتوێ دەکەن

جەخت لە هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و داعش کرایەوە



دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٧ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز قاسم ئەلئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا دوایین پێشهاتەکانی دۆخی ئەمنیی عێراق، چالاکیی چەکداریی دژی باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتان لە بەغدا و مەترسی و لێکەوتەکانی، هەڕەشەکان و جموجوڵی داعش و بەرەنگاربوونەوەیان بەتایبەتی لە ناوچەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور و ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق، تاوتوێ کران.

هەردوولا جەختیان لە پێویستی و کارکردن بۆ پاراستنی ئاسایشی باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتان لە بەغدا و گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و چالاکییەکانی داعش تا دڵنیابوونەوە لە لەناوبردنی یەکجاریان، کردەوە.

دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، بەشێکی دیکەی کۆبونەوەکە بوون کە بەڕێزان وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ئامادەی بوون.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتمانیی عێراق دەکات

جەخت لە هەماهەنگیی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کرایەوە

دوێنێ یەکشەممە ٢٧ـی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە سەلاحەددین سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لە قاسم ئەلئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتمانیی عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دوا پێشهاتەکانی ناو پڕۆسەی سیاسیی عێراق تاوتوێ کرا و هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هەردوولا هەماهەنگیی بەردەوامی نێوان هەرێم و بەغدایان بە پێویست زانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

لە بەشێکی تری ئەو دانیشتنەدا جەخت لەسەر خواستی هەرێم و بەغدا کرایەوە بۆ بەردەوامبوونی هەماهەنگیی نێوانیان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش.

پەرلەمانتاریک:

هاتنی سەرۆکی حکوومەت بۆ پەرلەمان بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و ڕوونکردنەوە لەبارەی پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا دەدات

ڕۆژی شەممە، مەسروور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد کۆبوونەوەیەکی بۆ ڕێکبخرێت و پەرلەمانتارێکی پارتیش دەڵێ، سەرۆکی حکوومەت هەمیشە ئامادە بووە بێتە پەرلەمان و هاوکار بووە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان.

(زیاتر لەل2 بخوێنەوە)

کەرکووک..

بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت 260 ملیۆن دینار بۆ خوێندنی کوردی دابین کران

بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکووك ڕایگەیاند، بە بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو پێداویستییەکی پزیشکی بۆ قوتابخانە کوردییەکان دابین کراوە و دەشڵێ، بە بڕی ٢٦٠ ملیۆن دینار، پێداویستیی پەروەردەیی بۆ قوتابخانەکان دابین کراون.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

مەسرور بارزانی: سوپاسی مامۆستایانی کوردستان دەکەم کە بەردەوامن لە خزمەتکردنی وڵاتەکەیان



دوێنێ یەکشەممە ٢٧/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە قوتابخانەیەکی شارۆچکەی بەحرکەی نزیك هەولێر، زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی لێدا. مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گوتارێکدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەمڕۆ زەنگی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن لێدەدەین، بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندنی پۆلی ١٢ـی ئامادەیی دواتریش خوێندنی پۆلی یەك و دووی بنەڕەتی دەست پێبکات.

(زیاتر لەل3 بخوێنەوە)



یەکەی ژمێریاری یەکەکانی 70 و 80ی هێزەکانی پێشمەرگە دەخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە

لە ڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی بڕیاری ڕێکخستنەوەی یەکەی ژمێریارییەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی ڕاگەیاند، کە ئەمەش بڕگەیەکی گرنگە لە یاسای چاکسازی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

(زیاتر لەل3 بخوێنەوە)





پەیامی سەرەخۆشی سەرۆک بارزانی بۆ سەماحەتی عەمارِ ئەلحەکیم

سەرۆك بارزانی بۆ کۆچی دوایی عەللامە ئایەتوڵای عوزما سەید محەمەد حوسەین ئەلحەکیم، گەورەی بنەماڵەی ئال حەکیم پەیامێکی سەرەخۆشیی بڵاوکردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز سەماحەتی عەمارِ ئەلحەکیم

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی عەللامە ئایەتوڵای عوزما سەید محەمەد حوسەین ئەلحەکیم، گەورەی بنەماڵەی ئال حەکیم-مان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشیی خۆمانتان پێ رادەگەیەنین و هاوبەشی خەمتانین، لە خوای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە جەنابتان و ئال حەکیم ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

براتان
مسعود بارزانی
٢٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٠



سبەی پەرلەمان کۆدەبێتەوە

بڕیارە سبەی سێشەممە پەرلەمانی کوردستان کۆبێتەوە و دەنگ لەسەر پرۆژەیاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عێراق بدات.

دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە٧ی ئاساییی خولی پایزەی رۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٩/٩/٢٠٢٠ی ڕاگەیاند.

بەپێی حوکمی ماددەی ٥و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی ١٦ و بڕگەی سێیەم لە ماددەی ١٨و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی ٢٠و ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ٧ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٩، بەمشێوەیە بێت: دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، بەپێی حوکمی ماددەکانی ٩٧، ٩٦، ٩٣، ٩١، ٩٠ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

ڕێبوار بابکەیی: هاتنی سەرۆکی حکوومەت بۆ پەرلەمان بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و ڕوونکردنەوە لەبارەی پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا دەدات



ڕۆژی شەممە، مەسروور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد کۆبوونەوەیەکی بۆ ڕێکبخرێت و پەرلەمانتارێکی پارتیش دەڵێ، سەرۆکی حکوومەت هەمیشە ئامادە بووە بێتە پەرلەمان و هاوکار بووە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان.

ڕێبوار بابکەیی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پەیامەکەی مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونە و وەڵامێکیشە بۆ ئەوانەی دەیانگوت سەرۆکی حکوومەت ئامادە نییە بێتە پەرلەمانی کوردستان، بەپێچەوانەوە مەسروور بارزانی هەمیشە ئامادەیی تێدا بووە بۆ ئەوەی بێتە پەرلەمان و هاوکار بووە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان.

پەرلەمانتارەکەی پارتی گوتیشی: پێشتریش سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکار بووە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان، هەم لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و هەمیش لەگەڵ فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان چەندین جار کۆبوونەتەوە بۆ پێدانی زانیاری.

بابکەیی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هاتنی سەرۆکی حکوومەت بۆ پەرلەمان، زیاتر لەسەر دوو بابەتە، یەکەمیان جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراوە، دووەم ڕوونکردنەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا بە پەرلەمان دەدات، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە مەسروور بارزانی ئامادەیە هاوکار بێت لەگەڵ دەزگای یاسادانان، کە ئەویش پەرلەمانە.

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی سەبارەت بە زانکۆکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەرکرد


گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، عەباس ئەکرەم ڕایگەیاند: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشنیازێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە زانکۆکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد.

گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: دوابەدوای نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ژمارە ٧٦٦٤ لە ڕێکەوتی ١٠/٩/٢٠٢٠ تایبەت بە دانپێدانان و چارەسەرکردنی پرسی زانکۆکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە تیایدا وەزارەتی خوێندنی باڵا پێشنیازی کردبوو بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەو خوێندکار و قوتابیانەی تاکو ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) لەم زانکۆیانە وەرگیراون دان بە بڕوانامەکانیان بنرێت و ڕاستاندنیان بۆ بکرێت، سەرەنجام سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نوسراوی ژمارە ٥٣٧٨ پێشنیازەکەی وەزارەتمانی پەسەندکرد.

ڕاشیگەیاند: لە خاڵی دووەمی نووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشنیازێکی دیکەی وەزارەتمان پەسەندکراوە بۆ ئەوانەی لە دوای ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥) وەرگیراون، بۆ ئەمەش وەزارەتمان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی عێراق دیراسەی ئەم بابەتە دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو. بەپێی ئەم بڕیارە، ئەو خوێندکار و قوتابیانەی تاوەکو ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) لە هەریەک لە زانکۆکانی (نوور، حەدبا، قەڵەم و کتاب) وەرگیراون، دان بە بڕوانامەکانیان دەنرێت و ڕاستاندنیان بۆ دەکرێت

باسی لە دواپین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی کوردستان و عیراق کردووە

د. دلاوەر ئاژگەیی وتارێکی پێشکەش بە لێژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی ئەورووپا کرد



لە دانیشتنێکی فەرمی لێژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی ئەورووپا لەگەڵ عێراق و بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری بەشی کەنداو و عێراق لە ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا و پەرلەمانتارانی یەکێتیی ئەورووپا، د. دلاوەر خالد ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەیاوەری شاندێکی نوێنەرایەتیی وتارێکی لەسەر دواپین پێشهات و گۆڕانکارییە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق پێشکەشکرد.

لە کۆبوونەوەکە کە بە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفرانس بەڕێوەچوو، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند بابەتێکی بۆ بەشداربووان خستەڕوو کە گرنگترین یان پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و دانوساندنەکانی نێوان هەردوولا و سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و پرسی ئەمنی و ئاسایشی ئەو ناوچانە و پرۆسەی چاکسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەند تەوەرێکی تر گرنگترینیان بوون.

نوێنەری حکومەتی هەرێم ئاماژەی بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرد و ڕایگەیاند کە ئەم بابەتە تەنیا خۆی لە پرسی موچە نابینێتەوە و حکوومەتی هەرێم بڕوای وایە کە سەرجەم کێشەکان دەبێت لە ڕێگەی دیالۆگ و بەپێی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن و حکوومەت و گەلی کوردستان وەکو هاوبەشی ڕاستەقینەی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لەمبارەوە ئاماژەی بە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بە لە دانیشتنەکەدا باسی لە بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختی پەرلەمانی کوردستان کرد و داوای لە یەکێتیی ئەورووپا کرد کە بۆ گەیشتن بە چارەسەر و ڕێککەوتن هاوکاری هەردوولا بکات.

لە تەوەرێکی تردا د. دلاوەر خالید ئاژگەیی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کەرکووکی خستەڕوو و بەوردی باسی میکانیزم و سیاسەتی بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەی کرد و ڕایگەیاند کە حکوومەتی هەرێم زۆر بە وردی چاودێری بارودۆخی ئەم ناوچانە دەکات و گۆڕینی دیمۆگرافی ئەو ناوچانە قبووڵ ناکات و ئەمجۆرە هەڵسوکەوتانە سەقامگیری و ئاسایش و پێکەوەژیان دەخاتە مەترسی و حکومەتی فیدراڵی لێ ئاگادار کردۆتەوە، بڕیارە بۆ ئەم مەبەستە شاندێك ڕەوانەی بەغدا بکات.

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا نوێنەری حکومەتی هەرێم ئاماژەی بە بارودۆخی ئەمنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کرد و ڕایگەیاند کە گەڕانەوەی هێزکانی پێشمەرگە و هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق لەو ناوچانە دەتوانێت بواری ئاسایش لەو ناوچانە باشتر بکات و ئاماژەی بەوەدا هەرێمی کوردستان لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی دژی داعش لە هەرێمی کوردستان تاکوو شەڕی دژی داعش بە یەکجاری کۆتایی پێدێت.

هەرچی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق بوو، ئاژگەیی ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان پشتگیری لەو هەڵبژاردنانە دەکات، بەڵام گرنگە پێش هەڵبژاردنەکان هەموو لایەنەکان لەسەر سیستەم و یاسای نوێی هەڵبژاردن ڕێککەون و گرنگە یاسای نوێ یەکسانی ڕەچاو بکات و دەنگ و مافی خەڵکی کوردستان پێشێل نەکرێن. بە هەمان شێوە گرنگە بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکانی تر ئاسایی بکرێنەوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکی بێگەرد و دیموکراتی بەڕێوە بچێت بە چاودێری یەکێتیی ئەورووپا و پەرلەمانی ئەورووپا. لە کۆتاییدا د. دلاوەر ئاژگەیی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانی دایەوە کە سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە و پێشهاتەکان ئاراستەیان کرد. لە لای خۆیەوە سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی ئەورووپا لەگەڵ عێراق دەستخۆشی و سوپاسی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پێشکەشکردنی وتارەکە و ڕاگۆڕینەوە.



پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی (٥٧)مین ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و کادیر و کارمەندانی ئێزگەی دەنگی کوردستان..

ئەمڕۆ یادی (٥٧)مین ساڵەی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان دەکەینەوە، کە بە بڕیاری (بارزانی نەمر) و سەرکردایەتی شۆڕش لە هەلومەرجێکی دژواری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، دەستی بەپەخشی بەرنامەکانی کرد.

ئێزگەی دەنگی کوردستان، کە دەسکەوتێکی گرنگی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، کاریگەری زۆریشی هەبوو لەسەر خەباتی سیاسی و چەکداریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان، دەنگی کوردستان پەیامی داکۆکیکردن بوو لە هەبوون و واقیعی نەتەوەییمان و جۆشدانی گیانی بەرخۆدان و شۆڕشگێڕیی بۆ بەدیهێنانی مافەکانمان.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی کار و بەخششی هەمیشە دەنگی بوێرانەی خەڵکی کوردستان بووە بە هەموو پێکهاتە ئیتنی و ئایینیە جیاجیاکانیەوە، بۆیە توانیویەتی مینبەرێکی زۆڵاڵ و پێشەنگ بێت لە بەرجەستەکردنی خواست و ویستی گەلەکەمان.

بەو بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆمان و ئێوەی بەڕێزو بیسەرانتان دەکەین، وێرای ئومێدەواریمان بۆ بەردەوام بوونتان لە خزمەتکردن، لێشمان مسۆگەرە بۆ ساڵی داهاتوو زیاتر و بەرچاوتر لەو بواڕە پەرە بەکار و بەرنامە و چالاکیەکانتان دەدەن و، هەردەم بەرپرسانە و دڵسۆزانە ئەرکی سەرشانتان بەجێدەگەیەنن.

لەم یادەدا جەخت لەسەر پاڵپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستان دەکەینەوە و هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین..

پیرۆزبێ ٥٧ ساڵ خزمەت و بەخشش.. سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکی ئەو کەسایەتی و کادیر و ڕاگەیاندنکارانەی لەڕێی سەروەری ئەو کاروانە پیرۆزەدا شەونخونیان کێشا و سەریان نایەوە....

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

پەیامی پیرۆزبایی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە بۆنەی (٥٧)مین ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و کادیر و کارمەندانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان..

لە بیرەوەریی (٥٧)مین ساڵیادی دامەزراندنی(ئێزگەی دەنگی کوردستان) پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بیسەرانی ڕادیۆ ئازیزەکەتان دەکەین و، دەستی هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونتان دەگوشین، هیواخوازین هەمیشە بەوپەڕی بەرپرسێتی و لەخۆبردوانە بەردەوامبن لە خزمەتی زیاتر و بەرچاوتر بە ڕەوتی تێکۆشانی گەلەکەمان و بواری میدیایی.

دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان بە بڕیار و ڕێنمایی ڕێبەر و سەرکردەی نەمر (مستەفا بارزانی) هەنگاوێکی گرنگ و بەرپرسانە بوو و، لەو قۆناغەی خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانی گەلەکەماندا ڕۆڵی دیار و کاریگەری خۆی هەبوو لە هۆشیارکردنەوە و داکۆکیکردن لە بیروباوەڕ و گیانی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەریی، هەروەک تا ئەمڕۆش دەنگێکی تایبەتمەندە لەڕووی بەخشش و ئەرشیفی دەوڵەمەندی شۆڕشگێڕیی و کولتووریەوە و، لەڕێی بەرنامە و پڕۆگرامەکانیەوە توانیویەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرباڵاتر خزمەت بە هاوڵاتیان و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکات...

لەو بۆنەیەدا وێرای دووپاتکردنەوەی تەواوی پشتیوانیمان بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستان ئومێدەوایین زیاتر و باشتر لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو پێش بچن و لەئاست ئەو ئەرکە پیرۆزەی خۆتان بن لە خزمەتکردنی بیسەرانتان و هاوڵاتیان.

جارێکی دیکە یادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان پیرۆزبێ و، سڵاو بۆ ئەو ماندوونەناسانەی لە کاروانی خزمەتی کوولتور و ڕۆشنبیریی و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کۆڵیان نەدا و ناو و جێدەست و دەنگ و سەدایان هەر بە زیندوویی ماوەتەوە..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ی لێدا

مەسرور بارزانی: قوتابیانی خۆشەویست داواتان لێدەکەم هیچ کەس و هیچ شتێک ولّاتەکەتان و مێژووە پڕ سەرەوەرییەکەتان لەبەرچاو ناشیرین نەکات، ئەرکی ئێوەیە پارێزەری دەسکەوتەکان بن







سەرەڕای قەیرانی دارایی بەڵام بە پێی توانا بەردەوام دەبین لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان

دوێنێ یەکشەممە ٢٧/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە قوتابخانەیەکی شارۆچکەی بەحرکەی نزیک هەولێر، زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی لێدا.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گوتارێکدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەمڕۆ زەنگی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن لێدەدەین، بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندنی پۆلی ١٢ـی ئامادەیی دواتریش خوێندنی پۆلی یەك و دووی بنەڕەتی دەست پێبکات.

سەرۆکی حکومەت سوپاسی وەزیری پەروەردەی کرد، بۆ هەوڵ و ماندووبوون و دانانی میکانیزمێك بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن بە شێوەیەی ئەلیکترۆنی، بەتایبەتی لەم دۆخە نائاساییەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتووەتە ئاراوە. هاوکات سوپاسی مامۆستایانی کرد کە بەردەوامن لە ئەرکەکەنیان بۆ فێرکردنی قوتابیان و خزمەتکردنی وڵاتەکەیان.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمبارەوەیەوە گوتی، ڕاستە خوێندن پرۆسەیەکە بۆ فێربوون، بەڵام لە هەمانکاتدا قۆناغێکە بۆ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، قوتابی بۆ ئەوە دەخوێنن، تا ببن بە ئەندامێکی کاریگەری کۆمەڵگە و فێری زانست بن، بۆ ئەوەی وڵات بەرەوپێش بەرن. خوێندن تەنها خوێندنەوەی کتێب و وانە نییە، بەڵکو خۆئامادەکردنە بۆ ژیان، بۆیە تا زیاتر خۆتان ئامادە بکەن بۆ ژیان هێندە دەتوانن سەرکەوتوبن. دڵنیام زۆر لە ئێوەی قوتابیان ژیانی بندەستیتان نەبینیوە، بەڵام ئەوەی ئێستا لەم هەرێمە هەیە، بەرهەمی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانێکی زۆرە، زۆر لە کەسوکاری ئێوە بۆ ڕزگاری نیشتمان و گەیشتنی ئەم هەرێمە بەم قۆناغە، خەباتیان کردووە و تێکۆشاون، بۆیە پێویستە قەدری ئەوە بزانین، پێویستە بزانین ئەوە بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی خەڵکی پێش ئێمەیە و دەبێ ئەم بەرهەمە بپارێزین، داواتان لێدەکەم هیچ کەس و شتێك ولّاتەکەتان و مێژووە پڕ سەرەوەرییەکەتان لەبەرچاو ناشیرین نەکات، ئەرکی ئێوەیە پارێزەری ئەو دەستکەوتانە بن، دەبێ ئێوە خۆتان ئامادە بکەن بۆ قۆناغێکی دیکەی ئاوەدانی.

مەسرور بارزانی داوای لە قوتابیان و مامۆستایان کرد کە پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن. لەمبارەیەوە گوتی پێویستە ئێوە پێش هەموو کەسێك خۆتان و مامۆستا و کەسوکارتان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بپارێزن، بۆ ئەوەی تەندروست بن و درێژە بە خوێندن بدەن. بەو هیوایەی هەمووان تەندروست باش بن، دڵنیابن ئێمە وەك حکومەت ئەوەی پێمان بکرێت دەیکەین بۆ بەرەوپێشەوەچوونی کەرتی پەروەردە، بەرنامەی زۆرمان هەیە بۆ پێشخستنی پەروەردە و خوێندن و کەرتەکانی دیکە، بەڵام قەیرانی دارایی لە جیهان کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەبووە، بەڵام ئەوە نامانوەستێنێ و بەردەوام دەبین لە جێبەجێکردنی پرۆژە و ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکمان داوە، کە یەکێك لە بەڵێنەکانیش پەردانە بە کەرتی پەروەردە و خوێندنە.

دوای لێدانی زەنگی قوتابخانە، سەرۆکی حکومەت چەند پۆلێکی بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە چاوی کەوت بە ئامادەکاریی و گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ خوێندن و خۆپاراستنی قوتابی و مامۆستایان.

لە ڕێوڕەسمی دەستپێکردنەوەی خوێندنی ساڵی نوێ، ئالان حەمەسەعید وەزیری پەروەردە، سوپاسی سەرۆکی حکومەتی کرد، کە بڕی ٥٤٠ ملیۆن دیناری وەك بودجە بۆ پێداویستییە پزیشکییەکان ولەبەرچاوگرتنی ڕێنماییە تەندروستییەکان و ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە قوتابخانەکان تەرخان کردووە.

گفتوگۆ دەرباری پێشهاتەکانی عێراق و هەماهەنگی لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق کرا

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دەکات



دوێنێ یەکشەممە ٢٧/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی حکوومەتی فیدراڵی کرد بەسەرۆکایەتی قاسم ئەلئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ بەشدار بوو، گفتوگۆ دەرباری گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و گرنگیی هەماهەنگیی ئەمنیی لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە کرا، بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش.

یەکەی ژمێریاری یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ی هێزەکانی پێشمەرگە دەخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە



لە ڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی بڕیاری ڕێکخستنەوەی یەکە ژمێریارییەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی ڕاگەیاند، کە ئەمەش برگەیەکی گرنگە لە یاسای چاکسازی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بەگوێرەی کوردستان٢٤ لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، لە بڕیارێکدا بە نووسراوی ژمارە ٧٩٥٩ لە ڕۆژی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، پاڵپشت بە جێبەجێکردنی ماددەی دەیەم لە یاسای چاکسازی حکومەتی هەرێم بۆ ڕێکخستنەوەی یەك یەکەی ژمێریاری سەرجەم هێزەکان خرایە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بەو پێیەش، هاوتای هێزە هاوبەشەکانی سەر بە وەزارەت، تەواوی مووچە و بودجەی هەردوو یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ژمێرکاری بودجە و بەرنامەکان (ژمێریاری سەربازی) لەژێر وردبینی فەرمانگەی چاودێری دارایی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە دەبێت. ئەمەش لە ماددەی ٣ ناو یاسای ژمارە ١٩ ی ساڵی ٢٠٠٧ی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بۆ کراوە.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەخت کراوەتەوە، بە جێبەجێکردنیشی بەپێی ماددە ١٠ی یاسای چاکسازی، فەرمانگەی چاودێری دارایی بەهاوبەشی لەگەڵ میلاکاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و ژمێرکاری سەر بەوەزارەتی دارایی و ئابووری، لەژێر ڕۆشنایی فەرمانی وەزیری پێشمەرگە وردبینی و پێداچوونەوە بەخزمەتی سەربازی سەرجەم هێزەکانی سەر بەو یەکانە دەکرێت، هەروەك دۆسیەی کەسی بۆ تەواوی هێزەکان بە هەموو پێدواستییە یاساییەکانەوە دروستدە کرێت.

هاوبەشی سەربازی، بە واژووی شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری ڕێکخستنەوەی یەکە ژمێریارییەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ی درا.

ئاماژە بەوەش دراوە، بەپێی بڕیارەکە یەکەی هاوبەشی ژمێریاری بۆ سەرجەم هێزەکان خرایە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بەو پێیەش، هاوتای هێزە هاوبەشەکانی سەر بە وەزارەت، تەواوی مووچە و بودجەی هەردوو یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ژمێرکاری بودجە و بەرنامەکان (ژمێریاری سەربازی) لەژێر وردبینی فەرمانگەی چاودێری دارایی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە دەبێت. ئەمەش لە ماددەی ٣ ناو یاسای ژمارە ١٩ ی ساڵی ٢٠٠٧ی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بۆ کراوە.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەخت کراوەتەوە، بە جێبەجێکردنیشی بەپێی ماددە ١٠ی یاسای چاکسازی، فەرمانگەی چاودێری دارایی بەهاوبەشی لەگەڵ میلاکاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و ژمێرکاری سەر بەوەزارەتی دارایی و ئابووری، لەژێر ڕۆشنایی فەرمانی وەزیری پێشمەرگە وردبینی و پێداچوونەوە بەخزمەتی سەربازی سەرجەم هێزەکانی سەر بەو یەکانە دەکرێت، هەروەك دۆسیەی کەسی بۆ تەواوی هێزەکان بە هەموو پێدواستییە یاساییەکانەوە دروستدە کرێت.

ئەمڕۆ شاندێکی بازرگانیی تورکیا سەردانی هەولێر دەکات



بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە لقی هەولێری یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان، هێرش سادق ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دووشەممە شاندێکی بازرگانی کە پێکهاتوون لە کۆنسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر، دەستەی گومرکی تورکیا و نوێنەری وەزارەتی بازرگانیی تورکیا سەردانی لقی هەولێری یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

هێرش سادق گوتیی: ئامانجی سەردانەکە تونەد و تۆڵکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانە، بەتایبەت کە لە ماوەی ڕابردوودا، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێوشوێنە تەندروستییەکان، تۆزێك سستی کەوتبووە کەرتی بازرگانی و لەم چوارچێوەیەشدا، تورکیا بەهۆی ئەوەی کە دراوسێی ئێمەیە و زۆرترین بازرگانیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەیە، بۆیە شاندەکە دواییەن پێشهاتە بازرگانییەکان تاوتوێ دەکات.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە لقی هەولێری یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد کە تورکیا لەدێك ئاسانکاری بۆ بازرگانانی هەرێمی کوردستان کردووە کە لەئێستادا بازرگانان دەتوانن بە ناسنامەی یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان و بە ئۆتۆمبێلی خۆیان سەردانی تورکیا بکەن، لەم سەردانەشدا کۆمەڵێك ئاسانکاری دیکەی هاوشێوە دەکرێت.

زیرەک کەمال:

ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم زۆر مەترسیدارە



بەگوێرەی پاشکۆی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق، بۆ هەر پارێزگایەکی عێراق چەند بازنەیەک دیاری کراون و لایەنە عێراقیەکانیش ناکۆکن لەسەر پرسی فرەبازنەیی، هاوکات چاودێرێکی سیاسیش پێی وایە، فرەبازنەیی پیلانە دژی کورد ئامادە کراوە.

زیرەک کەمال، چاودێری سیاسی، لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: ئەگەر هەر پارێزگایەک بەسەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردندا دابەش بکرێت، یانیش وەک پێشنیاز کراوە بۆ هەر قەزایەک بازنەیەکی هەڵبژاردن دیاری بکرێت، ئەوە کورد زەرەرمەندی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقە، بە تایبەتی لە ناوچە داگیرکراوە کوردستانییەکان.

پەیوەست بە بۆچوونی لایەنە کوردستانییەکانیش، ئەو چاودێرە جەختی کردەوە: هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و بۆچوونی هەرێمی کوردستان بە گشتی ئەوەیە، هەر پارێزگایەک بکرێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن، بە پێچەوانەوە هەر پێشنیازێکی دیکە لای کورد قبوڵکراو نییە.

زیرەک کەمال گوتیشی: فرەبازنەیی پیلانە دژی کورد دەیگێڕن، چونکە دەزانن بەو هۆیەوە دەنگی کورد کەم دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی پەرتبوونی دەنگی کورد و هێشتا دۆخی ناوچە داگیرکراوەکانیش ئاسایی نەکراوەتەوە، جا ئەگەر هەڵبژاردنیش بەسەردا بێت، ئەوە ئێجگار مەترسیدارە.



کەرکووک.. بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت 260 ملیۆن دینار بۆ خوێندنی کوردی دابین کران

بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکووک رایگەیاند، بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو پێداویستییەکی پزیشکی بۆ قوتابخانە کوردییەکان دابین کراوە و دەشڵێ، بە بڕی ٢٦٠ ملیۆن دینار، پێداویستیی پەروەردەیی بۆ قوتابخانەکان دابین کراون.

شێرزاد ڕەشید کاکە، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «ئەو پارەیەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بۆ کەرتی پەروەردە تەرخانی کردووە، بۆ خۆپاراستنی قوتابی و مامۆستایان بووە لە نەخۆشیی کۆرۆنا و بۆ کەرکووکیش بەشی ئێمە ئامادە کراوە و لە کۆگای هەولێر دانراوە و تەنها ماوە رێکارەکان تەواو بکەین و وەری بگرین، کە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو پێداویستیانە وەردە گرین».

کاکە گوتیشی: «بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت، بە بڕی ٢٦٠ملیۆن دینار بۆ پێداویستیی پەروەردەیی تەرخان کراوە، وەکو کڕینی کورسی و هۆیەکانی دانیشتنی منداڵان و قەنەفە و مێز بۆ ئیدارە و فێنککەرەوە و هەرچی پێویستیشە بۆ قوتابخانەکان کڕدراوە بەو پارەیە، کە لە ئێستادا هەمووی ئامادە کراوە و بەو بڕپارەیەش لەم دۆخەدا توانرا کێشەی خوێندنی کوردی چارە بکرێت و حکوومەتیش ئامادەیە هەرچی پێویستمانە بۆمان دابین بکات و کێشەکانمان چارەسەر بکات».

دەشڵێ: «حکوومەتی عێراق هاوکاریی ئێمەی نەکردووە و هەرچی بشکرێت، بۆ قوتابخانە عەرەبییەکان دەکرێت».

میسال ئالووسی: دەبێت بودجەی کوردستان لە دەستی هەندێک دەسەڵاتداری عێراقی دەربهێندرێت

د. رامی عەزیز: سەردانی سەرۆک و سەرکردە جیهانییەکان بۆ هەولێر دانپێدانانی نێودەوڵەتییە بە هەرێمی کوردستان

رۆژ دوای رۆژ پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبێت و شارەزایەکی سیاسییش دەڵێت، هەرێمی کوردستان لە ڕەوشی ئاڵۆزی ناوچەکەدا بە بەهێزی مایەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگە سیاسییەکەی سەرۆک بارزانی کە نەیهێشت کوردستان ببێتە گۆڕەپانی ململانێی ناوچەکە.

دۆخی سیاسیی عێراق ئاڵۆز دەبێت، هێز و لایەنی سیاسی بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەختە دەچن، بڕینی قووتی خەڵکی کوردستان و دژایەتیی هەرێمی دبروشمی هەندێک لایەنی سیاسیی عێراقییە بۆ ئەوەی دەنگی زیاتر بە دەست بهێنن. زۆر هەبوون دژایەتیی هەرێمی کوردستانیان کرد، بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەوە و نەیانزانی خۆکوژی سیاسییە، نەیانتوانی هیچ شتێك لە قورسایی سیاسیی هەرێم و پێگە دیپلۆماسییەکەی کەم بکەنەوە، جگە لەوەی خۆکوژی سیاسی بوو.



میسال ئالوسی

بەگوێرەی ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان، میسال ئالووسی، سیاسەتمەداری دیاری عێراقی رایگەیاندووە: دژایەتیکردن بە پێگەی جیاواز لەگەڵ هەرێمی کوردستان شکستە و دەبێ بودجەی کوردستان لە دەستی بیرۆکراتیی دواکەوتووی هەندێك لە دەسەڵاتدارانی عێراقی دەر بهێنرێت.



د.رامی عەزیز

بە ناوی سەروەریی یاسا و هەییەتی وڵاتەوە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەوە، دواتر بە بڕیاری زۆرینە دەست بە دروستبوونی میلیشیاکان کرا، بە بڕوای ئالووسی، کورد توانییان ڕووبەڕووی هەموو (ئالنگارییەکان) ببنەوە و لە دژی شۆڤێنیزمی بە ناوی دیموکراتی بوەستنەوە.

هەرێمی کوردستان ئەو هەرێمەیە، نەك نەبووتە هەڕەشە، بگرە هاریکار و کیانێکی دەستووریی ددان پێدانداراوە، بۆیەش دەبێت بە دەستووریانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئالووسی وای گوت. لەبارەی پێگەی سیاسی و جیۆسیاسیی هەرێمی کوردستان، د. ڕامی عەزیز، لێکۆڵەر و پسپۆڕی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی، دەڵێت: هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گەورەی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە. د. ڕامی عەزیز بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: هاتنی سەرۆك و سەرکردە جیهانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان دانپێدانانی نێودەوڵەتییە بە هەرێمی کوردستان و دواییین سەردانی مایك پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، نامەیەکی ئاشکرا و گرنگیدان و دانپێدانانە بە پێگەی کوردستان لە سیاسەتی بڕیاردەرانی ئەمەریکادا.

کارمەندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەرکووک کوژرا



ئەفسەر لە پۆلیسی کەرکووك، مڵازم مووراد جومیەلی رایگەیاند کە کارمەندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە لە کەرکووك کوژراوە. مووراد جومیەلی زیاتر گوتی: دەرنگانی شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە هێزەکانی پۆلیس تەرمی کەسێکیان لە فڕۆکەخانەی کەرکووك دۆزیوەتەوە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی فیلیپینە و ناوی ڕۆناڵد سانتۆسە و لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کاری دەکرد. ناوبراو ئاشکراشیکرد کە ئەو کارمەندەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە چەقۆ لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژراوە و تا ئێستا هۆکاری کوشتنەکەی، نەزانراوە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی عێراق هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان سەبارەت بە ڕووداوەکە بڵاونەکردووەتەوە.

لە سەرەتای ئەم مانگە گرووپێکی چەکداری شیعە کە ناوی خۆی ناوە سەرایا ئەولیائ ئەدەم هەڕەشەی بە ئامانجکردنی ئۆتۆمبێلەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردبوو، ئەگەر لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بەکاربهێندرێن. ئەو گرووپە چەکدارەییەی شیعە لە پەیامێکدا کە ئاراستەی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جێنین هێنیس پلاسخارت کردبوو رایگەیاندبوو زانیاریان هەیە لەوەی کە هێزەکانی ئەمەریکا، بۆ هاتوچۆکردن و بە ئامانجی پاراستنی گیانیان لە هێرشی گرووپەکانی بەرگریی، ئۆتۆمبێلەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەکاردەهێنن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش هاتبوو ڕێز لە بوونی ئێوە لە عێراق (نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان) دەگرین، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆشداری دەدەین لەوەی ئەگەر ئۆتۆمبێلەکانتان لە عێراق لەلایەن سەربازانی ئەمەریکا بەکاربهێندرێت ئەوە هێرشیان دەکەینە سەر. پێشتر گرووپە چەکدارە شیعەکان لەنێویاندا کەتائیبەکانی حزبوڵڵا عێراق هەڕەشەی بە ئامانجکردنی هێزەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایان کردبوو، ئەگەر لە عێراق نەکشێنەوە.

لە پێنج کانوونی دووەمی ڕابردوو ئەنجوومەنی نوێنەران بە زۆرینە، دەنگی دا لەسەر کۆتاییهێنان بە بوونی سەربازی بیانی لە عێراق، ئەویش دوای ئەوەی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندس لە بۆردومانێکی ئەمەریکا لە نزیك فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا کوژران.



کاروانێکی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە زیقار کرایە ئامانج

سوپای عێراق رایگەیاند بۆمبێکی چێندراو بە کاروانێکی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەڕابەرایەتی ئەمەریکا لە سنووری کارگێڕی پارێزگای زیقار باشووری عێراق تەقیوەتەوە.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە بۆمبێکی چێندراو بە کاروانێکی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەسەر ڕێگای ناحیەی بەتحاث ڕۆژئاوای پارێزگای زیقار تەقیوەتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەشکراوە کە تەقینەوەکە، زیانی بە یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانی کاروانەکە گەیاندووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی نەبووە.

سێیەم سانۆوگەڕی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەنێو کوردانی تاراوگە بەچالاکی هەمەچەشن پیرۆز کرا



ڕاپۆرت: ساسان دەروێش – هۆڵەندا

ڕەوەندی کورد بەدرێژایی مێژوویی کۆچکردنیان بۆ تاراوگە و نیشتەجێبوونیان، لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەهەر هۆکارێك بووبێت ڕووبان لە وڵاتانی دنیا کردووە، لە ئێستادا بوونەتە هێزێکی کاریگەر لەنێو کۆمەڵگەکانی وڵاتانی دنیا و هەمیشە سەرمایەکی گەورەی نیشتیمانی بووبن بۆ کوردستان لە پاڵپشتیکردن لە خۆشی و ناخۆشییەکانی، هەربۆیە کەیان بوونەتە باڵیۆزێکی کورد بۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای میللەتەکەمان، بەتایبەتی لە هێنانەدی خەونی گەورەی کورد لە سەربەخۆیی بۆ کوردستان، سێ ساڵ لەمەوبەر لە پرۆسەیەی نیشتیمانی ڕیفراندۆم ئەنجامدرا لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، کوردانی تاراوگەش وەك بەشێکی دانەبڕاوی کوردستان، هاوکاتی بانگەشەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییە، ڕژانە نێو شەقام و کۆڵانەکانی وڵاتانی دنیا و چالاکی هەمەچەشنیان بەئەنجام گەیاند، لە گەیاندنی پەیامێکی میللەتێکی چەند ملیۆنی بێ خاك و کیانی سیاسی و چەساوەی دەستی ڕژێمەکانی نێو عێراق و هەولێدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەکەی بە ئەنجامدانی ئاگر و ئاسن لە ئەنفال و کیمیاباراندکردن و ڕاگواستن و کوشتنی بەکۆمەڵ و جینۆساید و لە سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕژێمە و بونیادنانەوەی عێراق بۆ هەموو پێکهاتەکان بەپێی دەستوور، کەچی داخی گرانم جارێکی تر لەلایەن چەند گرووپ و حزب کەوتنەوە دژایەتی خەڵکی کوردستان و تێکدانی باروگوزەرانیان لە بڕینی بوودجە و پەراوێزخستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەم پرسە خرایە بەردەستی دۆست و دوژمنانی کورد بۆ چاوخشاندنەوە بەو زوڵمە گەورەی کە لە مێژوودا دەرهەق بە کورد و کوردستانی سوتماك و خەڵکی سەتەملێکراو دەکرێت، دیاریترین چالاکی کوردانی تاراوگە لە هەر دوو فێستیڤاڵی کۆڵن لە وڵاتی ئەڵمانیا بوو، بۆ ١٠٠ ساڵەی تێپەڕبوونی پەیاننامەی سایکس بیکۆ و هەڵوەشاندنەوەی و چالاکی تری کۆبوونەوەی کوردان بۆ پاڵپشتی لە ڕیفراندۆم کە هەر دوو چالاکی هەموو دنیای سەرسام کرد بەو چەند هەزار کوردەی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و دەنگ هەڵبڕینیان بۆ ماف و ئازادییەکانی کوردستان بوو لە هەردوو چالاکی کۆڵن .

پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ کوردانی تاراوگە لە کۆڵن

سەرۆك بارزانیش هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکاندا لە کۆڵن پەیامێکی ئاراستە کردن: جێگەی خۆشحاڵی و ئومێدێکی زۆرە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانیی گەلەکەمان لە هەندەران بۆ پاڵپشتیکردنی سەربەخۆیی گەلەکەمان لێرەدا کۆبوونەتەوە و دەستخۆشیتان لێ دەکەم و سوپاستان دەکەم، دەنگی ئێوەی سەربەرز پشتگەرمی و هێز دەداتە خوشك و براکانتان لە کوردستان. هەروەها گوتی: ئێمە داوای شتێکی ئاسایی و یاسایی دەکەین، گەلی کوردستان دەیەوێت لە ڕێگەی ئاشتی و دوور لە تووندوتیژی بەمافەکانی خۆی بگات و باشترین پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و دراوسێکان و وڵاتانی ناوچەکە هەبێت .

لە تاراوگە سانۆوگەڕی سێیەم سانی ڕیفراندۆم بەرز ڕاگیرا

یادەوەری سێ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو پرۆسە نیشتیمانییەی کە زۆرینەی خەڵك و حزبە کوردستانییەکان دەنگیان پێدا و سەرکەوتن ڕاگەیەنرا لە دەنگی ٪ ٩٣، لە یادەوەری خەڵکی کورددا ناسڕێتەوە وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و بناغەیەکی داهاتووی داخوازییەکانی کورد هەژمار دەکەن و بەم بۆنەیەشەوە لە چەند شوێنێکی ئەورووپا ئەم ڕۆژەیان پیرۆز و بەرز ڕاگرت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی و دروست نەکردنی قەرەباڵغی بەهۆی پەتای کۆرۆناوە .

ئەڵمانیا. فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان ریفراندۆمی گەلی کوردستان پیرۆز کرد

بەبۆنەی سێیەمین سانۆوگەڕی ڕیفراندۆمی گەلی کورد، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە ئەڵمانیا کە بریتین لە چەند گرووپ و ڕێکخراوی جیاوازی یەکگرتووی هەر چوار پارچەکەی کوردستان، ئەم بۆنەیەیان بە ئاهەنگێڕان و سیمینارێك پیرۆز کرد، بە بەشداری ڕەوەندی کوردستانی کە تێیدا وێڕای پێشکەشکردنی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و هەڵپەرکێنی کوردانی ناو هۆڵەکە بەخۆشی دەربڕین بۆ ئەم بۆنە پیرۆزە و پیرۆزبایکردنیان لە گەلی کوردستان و هەروەها لەسەر ئاستێکی بەرز چەند بابەتێك پێشکەش کرد لەگەڵ وتەی چەند کەسایەتی و کۆمەڵەکان، هەر لەمیانەی ئەم بۆنەیەش نادر دۆغاتی بۆ خەبات گوتی: زۆر دەمێك بوو لە پلانی ئەنجامدانی بەرز و پیرۆزڕاگرتنی ئەم بۆنەیە بووین کە بەنیازبووین زۆر بەفراوانی و بەشداربوونی چەندان کورد بەرنامەکانمان پێشکەش بکەین بەداخەوە بەهۆی ئەم پەتایەوە تەنها چەند کەسایەتی و پەیوەست بەبابەتەکانمان بانگهێشت کرد لە ڕێکخراوەکانی نێو فیدراسیۆنەکە و زۆر سەرکەوتووانە بەکۆتایی هات.

نەرویژ. بارەگای لیژنەی ناوچە و ڕێکخراوی ئۆسلۆ

هەر بەهەمان بۆنەوە لە دووبارەگایی پارتی لە وڵاتی نەرویژ بۆ پیرۆزکردنی ئەم بۆنەیە لە بەشداربووانی بەشێکی بچووك لە ئەندامان و پابەندبوون بە ڕێنمایی ئەم پەتایە و خڕنەبوونەوە لە بارەگای لیژنەی ناوچەی نەرویژی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی ئۆسلۆی پارتی ئەم یادە پیرۆز ڕاگیرا، بەشکاندنی کێکی شیرینی و پێشکەشکردنی یادەوەرییەکانی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، بەم بۆنەیەشەوە محەمەد ئەسکەندەر لە لیژنەی ناوچەی پارتی بۆ خەبات دوا: پێبان باش نەبوو ئەم یادەوەرییە مێژوویە تێپەڕێت بەسەرماندا و پەیامێك بۆ میللەتی خۆمان دەرنەبڕین لەوەی کە هەمیشە ئێمەی کوردانی تاراوگە پاڵپشتی ئەوانین و بەشێکی دانەبڕاوین لە وان، هەروەها د. خاتو نزین بەرزنجی لەبارەی بارەگەی ڕێکخراوی ئۆسلۆ گوتی: ئێمەش وەك یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ئەنجوومەنی نەرویژ بەشداربووین لەم بۆنەیە هاوشانی هەڤاڵەکانمان و باسکردنی ئەم یادە پیرۆزە لە چەند پەیڤێکدا .

هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەیی

لە چەند ساڵی ڕابردووی چەنگی دژ بە تیرۆریستانی داعش، ئەندامانی پارتی ئازادیی کوردستان لە کوڕان و کچان هاوشانی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەری بەرگریکرداندابوون لە پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردستان بەتایبەتی لە پردێ و سحێلا و تێکشکاندنی دوژمن و سەرکەوتن لەگەڵ پێشمەرگە و لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆمیش ڕۆڵی گرنگیان بینی بە تایبەتی لە ئەوروورپا لەژێر چاودێری هەردوو پێشمەرگە، ئەفشار ئەقدەسی و خاتوو چیمەن نەقشبەندی، لە چەند وڵاتێك ئەم بۆنەیەیان بەهاوکاری ڕەوەندی کوردستانی و کۆمیتەکانیان لەنێو شەقامەکانی وڵاتان ئەنجامدا، بەگردبوونەوە و هەڵکردنی ئاڵای بەرزی کوردستان و بەشداربوونی چەندین کەسایەتی لە خوێندنەوە و پیشکەشکردنی چەند پەیڤێك بەم بۆنەیەوە لە مەراسیمەکەندا ئەم یادەوەرییە بەرز ڕاگیرا و بەتایبەتی لە وڵاتانی بەریتانیا لەبەردەم ئۆفیسی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە لەندەن بەهاوکاری دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی، هەر لەمیانەی گردبوونەوەکەش خاتوو شیلان ئاستەیی بۆ خەبات گوتی: لەژێر لیزمەی باران و کەمێك سەرما کۆبوونەوە بۆ دەربڕین لەم بۆنەیە و کاڵنەبوونەوەی لە ناخماندا، کە هەندێ کەس پێیان وابوو نەدەبوو بکرێ بەڵام ئەنجامدانی بووە سەروەرییەکی گەورە بۆ کوردستان و داهاتووی ڕۆشنی و پیرۆزبایی خۆمان لە گەلی خۆمان دەکەین بۆ ئەم یادە، هەروەها لە سەنتەری شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید، کامەران قازی ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی ڕۆژهەڵات بۆ خەبات گوتی: دەردی بێ دەرمانی بێ دەوڵەتی لە ناخی هەر تاکێکی کورد برینێکی گەورەیە و ساڕێژ نابێ بە نەبوونی دەوڵەت دەبێت کورد یەکگرتوو بێت بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە خەونی هەموومانە، هەروەها لە شاری ئارنهێم لە وڵاتی هۆڵەندا شەم بۆنەیە بەشکۆداری و ڕێزگرتن بۆ شەهیدانی کوردستان و پێشکەشکردنی چەندین وتەی ئامادەبووان بەڕێوەچوون، خاتوو چیمەن نەقشبەندیش بۆ خەبات دوا و گوتی: ئێمە لە سەرەتای بانگەشەکردن بۆ ئەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەمان لە تاراوگە لە ئەنجوومەنی بااڵی بەرزڕاگرتنی ڕیفراندۆم لە شاری کۆڵن بەشداربووین و دواتر لە هۆڵەندا بەهاوکاری چەند کەسایەتییەکی نیشتیمانپەروەر کۆمیتەی هۆڵەندامان پێکهێنا بۆ کۆکردنەوەی ڕەوەندی کورد بۆ پاڵپشتی لەو فیستیڤاڵە و بەمەش سەرکەوتنێك تۆمار کرا لە دەنگ و یەکهەڵوێستی کوردانی هەر چوارپارچەکەی کوردستان.

دوو گرووپی نوێی چەکداری هەڕەشەی بەئامانجکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن

دوو گرووپی نوێی چەکداری کە لە عێراق خۆیان ڕاگەیاندووە و هەڕەشەی بە ئامانجکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن، ئەو دوو گرووپە نوێیە چەکدارییە ناویان لیوا کەریم درعەم و بەرگریی ئیسلامی (یارانی ئەشکەوت)ە لە عێراق.

ئەو دوو گرووپە چەکدارییە لە دوو ڕاگەیەندراوی جیادا، وەك خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن و هەڕەشەی ئەوەشیان کردووە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکەنە ئامانج. ئەمەیش لە کاتێکدایە پێشتر سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر داوای کردبوو کە هێرش نەکرێتە سەر نێردەکانی دیپلۆماتی و باڵیۆزخانەکان لە عێراق، چونکە ئەوە زیان بە ناوبانگی عێراق دەگەیەنێت و داواشی کردبوو کە لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەو هێرشانەی کە دەکرێنە سەر نێردەکانی دیپلۆماتی لە عێراق پێکبهێندرێت.

پێشتر هەریەك لە سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو پەیامەی موقتەدا سەدر دووپات کردبوویەوە. لای خۆیەوە مستەفا کازمی ڕایگەیاندبوو کە دەستی یاسا لەسەرووی دەستی کەسانی دەرچووی لە یاسا دایە، هەروەها گەندەڵکاران و ئەو کەسانەی کە چەکییان لە دەرەوەی یاسا هەڵگرتبوون، شوێنیان لە عێراق نییە و گوتبووی: پشتیوانی لە پێشنیازەکەی موقتەدا سەدر دەکەین بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەو هێرشانەی کە زیان بە ناوبانگی عێراق دەگەیەنن.

لە مانگی تەمووزی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا چەندین جار هێرشی مووشەکیی بۆ سەر ئەو ئامانجانە لە عێراق ئەنجامدراون کە دیپلۆماتکاران و سەربازانی ئەمەریکا تیایدان. واشنتۆن کەتائیبەکانی حزبوڵڵای عێراق و گرووپە چەکدارەکانی دیکەی نزیك لە ئێران بە ئەنجامدانی هێرشە مووشەکییەکان بۆ سەر ئامانجەکانی ئەمەریکا لە عێراق تۆمەتبار دەکات.

پێشتر گرووپە چەکدارە شیعەکان لەنێویاندا کەتائیبەکانی حزبوڵڵا عێراق هەڕەشەیان بە ئامانجکردنی هێزەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایان کردبوو، ئەگەر لە عێراق نەکشێنەوە. لە پێنج کانوونی دووەمی ڕابردوو ئەنجوومەنی نوێنەران بە زۆرینە، دەنگی لەسەر کۆتاییهێنان بە بوونی سەربازی بیانی لە عێراق دا.

لە هەفتەیەکدا ١٤٥ کەس لە هەرێمی کوردستان بە کۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری یەك هەفتەی کۆرۆنای ڕایگەیاند لە ماوەی نێوان ١٨ بۆ ٢٤ی ئەیلوول بەرزترین ژمارەی تووشبووی نوێی کۆرۆنا لە دهۆك بووە بەرزترین ڕێژەی چاکبوونەوە لە هەولێر و بەرزترین ڕێژە و ژمارەی مردنیش لە سلێمانی بووە، بەگوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی تەندروستی

بەڕاوردی ژمارە و ڕێژەی نەخۆشانی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان

ماوەی یەك هەفتە (2020/9/24-18)

پارێزگا	ژمارەی پشکنین	تووشبوو		مردن		چاکبوون	
		ژمارەی	ڕێژەی	ژمارەی	ڕێژەی	ژمارەی تووشبوون لە ٢٨ ڕۆژی ڕابردووەوە	ڕێژەی
هەولێر	10284	1250	12.2%	26	2.1%	5580	25.9%
سلێمانی	7336	1118	15.2%	62	5.5%	3733	17.3%
دهۆك	15172	2191	14.4%	52	2.4%	6297	17.8%
هەڵەبجە	321	190	59.2%	5	2.6%	597	32.5%
کۆی گشتی/ هەرێم	**33113**	**4749**	**14.3%**	**145**	**3.1%**	**16207**	**21.0%**	**3411**

سۆران..لە سێیەمین سالّیادی ئەنجامدانی ریفراندۆم پەردە لەسەر وێنەی دایکی شەهیدان لادرا



ڕەنجبەر بەرزنجی/سۆران

لە ڕێورەسمێکدا و بە بۆنەی سێیەمین سالّیادی ئەنجامدانی ریفراندۆمی گەلی کوردستان و بە ئامادەبوونی (عەبدالواحید ڕواندزی) بەرپرسی لقی (١٠) و (کرمانج عزەت) قائیمقامی قەزای سۆران و (وەیسی سەعید وەیسی و حەسیبە سەعید و خەدیجە عومەر) وەک ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی و ژمارەیەک لە نوێنەرانی دام و دەزگا ئیداریەکانی سنوورەکە , لە هۆڵی موزەخانەی بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران پەردە لەسەر وێنەی دایکی شەهیدان لادرا , هەر لەو ڕێورەسمەدا و لە چەند وتاری جیا وێرای بەرز و پیرۆز راگرتنی ئەم یادە , ئاماژە بە پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی گەلی کوردستان بە رابەرایەتی سەرۆك بارزانی بۆ گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی هەموو کوردستانییەك درا , هەروەها ڕۆڵی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژایی مێژووی بزافی رزگاریخوازی کورد تاکو شەری دژ بە تیرۆریستانی داعش و شەهیدبوونی سێ ڕۆلەی دایکە عایشەی ناسراو بە (دایکی شەهیدان) تەوەرێکی دیکەی وتاری ئامادەبووانی پێکدەهێنا.

دهۆک.. پارێزگار رۆڵێ نوشدار و کارمەندێن ساخلەمێ بەرز هەلسەنگاند

دوهی سپێدێ ٢٧-٩-٢٠٢٠ ل نەخوشخانا ئازادی د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ ب ئامادەبونا د.نزار عصمت ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ ل پارێزگەها دهۆکێ کۆمبوونەك دگەل نوشدار و سەرپشکێن نەخوشخانا ئازادی و نەخوشخانێن تایبەت ب ڤایروسێ کورونایێ ئەنجامدا. دکۆمبوونێدا بەحسێ پەتایا کورونایێ و ئەو ئاریشە وئاستەنگێن ژبەر ڤایروسی هاتینە پێش و کارتێکرنا ل سەر سەرکەتەرێ ساخلەمیێ و هەموو سەکتەرێن ژیانێ کری ب گشتی هاتە کرن.

دتەوەرکێ دن دا بەحسێ کێم و کاسیێن نەخوشخانێن ناڤبری و چاوانیا دابینکرنا پێدڤیێن وان بو وێ یەکێ ب شێن باشتر خزمەتا نەخوشان ب گشتی وبێن کورونایێ ب تایبەتی بکەن هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ ڕۆلێ نوشدار و کارمەندێن تەندورستیێ بەرز هەلسەنگاند و گوت: خزمەتا هوون ئەنجامدەن کارەکێ مرۆڤایەتی ونیشتمانی یە , هوون پێشمەرگێن سەنگەرێن بەراهیێ نە ل هەمبەر ڤایروسێ کورونایێ و کار و خەباتا هەوە جهێ ڕێزگرتنێ یە و هیڤی خاستن کو هەمو جڤاك ڕێزێ ل خزمەتا هەوە بگرن و سەرکەفتن بو هەموویان خواست وپشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو چارەسەرکرنا ئاریشێن کەرتێ تەندورستی تایبەت نەخوشخانێن کورونایێ.

هەڵمەتی خاوێنکردنەوە و ژێنگەسازی لە هەولێر دەستپێکرد



وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە کە دوێنێ یەکشەممە ٢٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە شاری هەولێر بەسەرپەرشتی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانیی هەولێر و ژمارەیەك بەرپرسی دیکەی شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێز و دەزگەکانی ڕاگەیاندن، هەڵمەتێکی فراوانی خاوێنکردنەوە و ژینگەسازی دەستپێکرد و ماوەی هەفتەیەك بەردەوام دەبێت.

ڕاشیدە گەیەنن ، هەڵمەتەکە سەرەتا لە بازاڕی میللیی کورانی مەخموور دەستپێکرد و، سەرجەم بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و گەڕەک و کۆڵانەکانی شار و دەوروبەری شار لە زبڵ و خاشاك پاك دەکرێنەوە و دەشورێن، هاوکات ژمارەیەک دار دەچێندرێن، کە تیمەکانی شارەوانیی هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزی سەرپەرشتی دەکات بۆ خاوێنکردنەوەی ژینگە و بایەخدانی زیاتر بە بابەتی ژینگەسازی لە سنووری شارەوانیی هەولێر.

وەزارەتی شارەوانی ئاماژە بەوەش دەکات کە لەمیانەی بەڕێوەچوونی هەڵمەتەکەدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ساسان عەونی بۆ دەزگەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی جەختی لە گرنگی ئەو جۆرە هەڵمەتانەی ژینگەپارێزی کردەوە بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك لە داموودەزگەکانی شارەوانی و ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی و هاوواڵاتیان، ژینگەی کوردستان لە پیسبوون بپارێزرێت.

لە تەوەرێکی تری هەڵمەتەکەی دوێنێ، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ داواکاری و گرفتی هاووڵاتیان و دووکانداران و بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و بەدواداچوون بۆ داواکاری و گرفتانەکان کە لە سنووری شارەوانیی هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزی سەرپەرشتی دەکات بۆ خاوێنکردنەوەی ژینگە و بایەخدانی زیاتر بە بابەتی ژینگەسازی

دهۆک.. پارێزگار زەنگا ساڵا نوو یا خاندنێ لێدا



خەبات/دهۆك

دوهی سپێدێ ٢٧-٩-٢٠٢٠ ل ئامادەیا سادق بەهائەدین ل تاخێ شاخکێ ب ئامادەبونا د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ و عمر علی تەها ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردێ و چەند سەرپەرشت و ماموستایێن پەوەردەیی ڕێ و رسمێن لێدانا زەنگا ساڵا نوو یا خاندنێ (٢٠٢٠-٢٠٢١) هاتنە گێران. لبەراهیێ ئالایێ کوردستانێ هاتە بلندکرن پاش سرودا ئەی ڕەقیب ژلایێ گروپێ چالاکییێن قوتابخانان هاتە پێشکێشکرن.

پاش ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردێ ل پارێزگەهێ دپەیڤە کێدا ئاماژەدا وان قەیران و ئاستەنگێن دسالا خاندنێ یا دەربازبوی دا هاتینە پێش و گوت: سەرەرایی هەبونا گەلەك گرفتا نەخاسمە پەتایا کورونایێ لێ سالا خاندنێ ٢٠١٩-٢٠٢٠هەتا ڕۆژا ٢٦-٢-٢٠٢٠ یا بەردەوام بوو پاش ب سەرفرازی ب دوماهی هات .

هەروەسا گوت: سالا نوو یا خاندنێ ٢٠٢٠-٢٠٢١ دێ ب چەند شێوازا دەست پێکەت ل هندەك قوناغا خاندن ل ناڤ هولێن خاندنێ ل دوڤ ڕێنمایان و ل هندەك قوناغا دێ ب ڕێکا ئەلکترونی هێتە ئەنجامدان .

پارێزگەرێ دهۆکێ ئاماژە دا وان قەیران و گرفتێن ب سەر هەرێمێ دا هاتین و سەرەرایی هەبونا وان هەمو قەیرانان پروسا خاندنێ نە هاتە ڕاوستاندن و بڤێ هەلکەفتێ سوپاسیا سەروکێ حکومەتا هەرێمێ و وەزیرێ پەروەردێ کر کو بەردەوام پشتەڤانیا پروسا خاندنێ کریە و نەهێلایە دەرگەهێن قوتابخانا بهێنە گرتن و گوت: نوکەژی ڤایروسێ کورونا یێ هەی و حکومەتێ دەرگەهێن قوتابخانان ل دووڤ ڕێنمایێن تەندورستی ڤەکرن و دڤێت ئەم هەموو خو دگەل ڤێ ڕەوشێ ب گونجینین و پێگریێ ب ڕێنمایێن تەندورستی بکەین و ژیانا خو و زاروکێن خو ب پارێزین .

پاش پارێزگەرێ دهۆکێ ب ڕەنگەکێ فەرمی زەنگا ساڵا نوو یا خاندنێ (٢٠٢٠-٢٠٢١) لێدا.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشدە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی خوالێخۆشبوو هونەرمەند عەباس ژاژڵەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی دیاری کوردستان(عەباس ژاژڵەیی)مان بیست. هونەرمەند کاك(عەباس ژاژڵەیی) یەکێك بوو لەو هونەرمەندە بەتوانا و خودان سەلیقەی هونەری ڕەسەنی کوردی، کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە خەسارەتێکی گەورەیە لە بواری هونەر لە کوردستان. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و هونەرمەندانی کوردستان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو هونەرمەند کاکە عەباس ژاژڵەیی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش ببەخشێت بە ئێوە و کەسوکار و هونەرمەندان و هونەردۆستان.

.....

بەڕێز، دکتۆر عومەر مەلا حەسەن مرو

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو (عایشە حمد عوسمان)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ناشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

هەولێر..وەزارەتی پەروەردە ئەپلێکەیشنێکی نوێ بۆ قوتابیان ئامادە دەکات

وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، سەکۆیەکی فراوانیان بۆ قوتابیانی پۆلی سێی بنەڕەتی تا یازدە دروست کردووە و قوتابیان دەتوانن بە ئەپلیکەیشنێکی دیاریکراو، وانەکان بە شێوەی ئۆفلاین بخوێنن.

ئالان حەمە سەعید، وەزیری پەروەردە ڕایگەیاند، حکومەتە نایەوێت ریسک بە ژیانی کوردستانیان بکات، هەربۆیە بڕیاری خوێندنی ئۆنلاینیان وەک قۆناغێی یەکەم دراوە.

وەزیری پەروەردە ڕوونیکردەوە: «ئەو سەکۆیە ئەلیکترۆنیەی دانراوە، مەرج نییە قوتابی لەکاتێکی دیاریکراو لەسەر کۆمپیوتەر و ئامێرە زیرەکەکان وانە بخوێنێت، بەڵکو قوتابی دەتوانێت لە ڕۆژدا هەموو کاتێك بینەری وانەکانی بێت، کە بە ڤیدیۆ ئامادە دەکرێت، هەروەها مامۆستایان دەتوانن بینەری ئەوەبن کە قوتابیان تاچەند سەیری وانەکان دەکەن».

گوتیشی: «ئێمە ئەپلیکەیشنی ئۆفلاینمان دروستکردووە، قوتابی دەتوانێت یەکجار ئینتەرنێت بەکاربێنێت، کاتێك ئەپلیکەیشنەکەی دابەزاند دەتوانێت هەموو ڤیدیۆکانی وانەکانی لەسەر کۆمپیوتەر یان مۆبایل دابەزێنێت».

دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٧ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە قوتابخانەیەکی شارۆچکەی بەحرکەی نزیک هەولێر، زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی لێدا و پرۆسەی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ لە پۆلی ١٢ـی ئامادەیی دەستپێکرد.



ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ دایکان و باوکانی نازیز



ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان

ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەولێر بەرەو کەمبوونەوە دەچێت

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر : ژمارەکە لە کەمبوونەوەدایە و نەخۆشەکانیش باری تەندروستیان جێگیرە







خەبات: فاتیح بەرزنجی - هەولێر



بەگوتەی دکتۆر دلۆڤان محەمەد جەلال بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر لەماوەی ڕابردوو ڕێژەی تووشبووانی نەخۆشی کۆرۆنا زۆربوو، بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانرا پێداویستی وکەلوپەلی پزیشکی و داوەرمانی پێویست بۆ نەخۆشانی کۆرۆنا دابین بکرێت، بەتایبەتی ئۆکسجین بەردەوام بۆ نەخۆشخانەکان دەستەبەر دەکراو بەردەوام ڕێنمایی گرنگ بۆ خۆپارێزی هاوڵاتیان ئامادە دەکرا، تا هاووڵاتیان خۆپارێزی بکەن و پابەندی ڕێنماییە تەندروستیەکان بن. دەربارەی هەڵمەتی هوشیاری و ژمارەی نەخۆشانی کۆرۆنا لەئێستادا دکتۆر دلۆڤان محەمەد جەلال بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ڕوونکردنەوەی زیاتر بە خوێنەرانی خەبات دەدات:

هەڵمەتێکی گەورەی هوشیاری لەپێناو سەلامەتی هاووڵاتیان

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر دەڵێت: بۆ ئەوەی هاووڵاتیان زیاتر هوشیار بکرێنەوە هەڵمەتێکی گەورەی هوشیاری بەڕێوەچوو، بۆ ئەو مەبەستەش پۆستەرو لفلیت بۆ زیاتر هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان ئامادەکراو لە زۆربەی شوێنە گشتییەکان هەڵواسران بۆئەوەی هاووڵاتیان خۆپارێزی بکەن وماسك بپۆشن و سەردانی شوێنی جەنجاڵ و قەرەباڵغ نەکەن، بەڵام ئەگەر سەیری مانگێك بەرلە ئێستا بکەین ڕۆژانە 300 نەخۆش زیاتر پشکنینیان بۆ دەکرا، بەڵام ئێستا ئەو ژمارەیە بەرەو کەمبوونەوە چووە، جگە لەوەش ئەو نەخۆشانەی کە باری تەندروستیان ناجێگیر بوو پێشتر ژمارەیان زۆربوو سەردانی نەخۆشخانەکانیان دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە چوار نەخۆشخانەمان بۆ ئەو نەخۆشییە تەرخان کردبوو وەك نەخۆشخانەی رزگاری و ئیماراتی و نەخۆشخانەی ڕۆژئاواو چاودێری چری ناو نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری و بووژاندنەوەی دڵ، بەڵام لەئێستادا ژمارەی نەخۆشان کەمی کردووەو ئەو کەسانەی کە ڕوو لەنەخۆشخانە دەکەن ئەوانیش ژمارەیان کەم بۆتەوە، دیارە ڕادەی هوشیاری هاووڵاتیان زیادی کردووەو دەبینین ئێستا زۆربەی هاووڵاتیان ماسك دەپۆشن و پابەندی ڕێنماییەکان دەبن، لێرەوە نابێ ڕۆژلی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لەیاد بکەین کە بەردەوام لە خزمەتی نەخۆشاندابوینەو شەونخونیان بەدیار نەخۆشانەوە کردووەو جێ پەنجەیان دیاربووەو لەهەمووی گرنگتر وەزیری تەندروستی شەوو ڕۆژ لەسەر هێڵ بوو تا لەنزیکەوە ئاگاداری نەخۆشان بێت.

د. دلۆڤان محەمەد جەلال گوتیشی: نەخۆشخانە تایبەتەکانیش هاوکارو هەماهەنگی نەخۆشخانە حکومیەکان بوون لەو کاتانەی کە نەخۆشان پێویستیان بە چاودێری چڕ هەبووە لەو حاڵەتەدا پاڵەپەستۆ لەسەر نەخۆشخانە حکومیەکان تۆزێ کەم بێتەوە، مایەی خۆشحاڵیە ئێستا ژمارەی نەخۆش لە نەخۆشخانەکان کەم بۆتەوەو بەشەکانی نەخۆشخانەکان کرانەوە وەك داخستنی بەشی بووژاندنەوەی دڵ بۆ کۆرۆنا تەرخانکرابوو، ئێستا ئەو بەشە ئاسایی بۆتەوەو لەنەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری چەندین بەش داخران، کە بۆ ئەو نەخۆشیە تەرخانکرابوو بەتایبەتی بەشەکانی ڕاوێژکاری و نەشتەرگەری و.. هتد، ڕاگیرابوون، ئێستا خەریکە ئەو بەشانەی ناو نەخۆشخانەکە دەکرێنەوەو لەخزمەتی هاووڵاتیاندا دەبێت و وەکو پلانیش بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر چەندین پلانمان هەیە، لەئێستاشدا نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چاودێری چڕ کە بریتییە لە 40 تەختی نەخۆش دروست دەکرێت و کەوتۆتە ناو نەخۆشخانەی ڕۆژئاواو لەلایەن خێرخوازێکەوە دروست دەکرێت، دەستخۆشی لەو خێرخوازە دەکەین کە کارێکی مرۆڤدۆستانەی ئەنجامداوەوهیواداریین لەماوەی چەند هەفتەیەکی دیکە ئەو نەخۆشخانەیە تەواو بکرێت، جێگەی ئامادە پێدانە بەر لەنەخۆشی کۆرۆنا لەنەخۆشخانە حکومییەکان تەنها 23 تەختی چاودێری چڕمان هەبوولەبەر نەخۆشی کۆرۆنا توانیان لەنەخۆشخانە حکومیەکان بیگەیەنینە 40 تەختی نەخۆش و 17 تەختی نەخۆشیان زیاد کردووە دوای کردنەوەی ئەو نەخۆشخانە تازەیە ژمارەی قەرەوێلەکان زیاد دەکات و تارادەیەك چارەسەری بەشی چاودێری چڕ دەکرێت لەشاری هەولێر و هەولێ ئەوەش دەدەین بۆ نەخۆشخانە تازەکە ستافی پزیشك و کارمەندی تەندروستی بە زووبی پەیدا بکەین.

کارو بەرنامەی حکومەتی هەرێم بۆ کەرتی تەندروستی

دەربارەی تەواوکردنی ئەو نەخۆشخانانەی کە پێشتر کاری بۆ کرابوو د. دلۆڤان محەمەد جەلاڵ بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ڕوونیکردەوە: لەسااڵنی ڕابردوو ژمارەیەك نەخۆشخانە کاری بۆ کراو لەبەر قەیرانی دارایی ئەو پڕۆژانە لەکار وەستان و لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکران پڕۆژەی ستراتیژی بوون، دیارە ئەو پڕۆژانە لەبەر هۆکاری بودجە وەستاون و هیواداریین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو پڕۆژە ستراتیژییانە دەست پێ بکەوەنەوەو نەخۆشخانەی تازە بۆ چەند قەزایەکی شاری هەولێر دروست بکرێت وەك نەبوونی نەخۆشخانەیەکی گشتی لەقەزای

د. دلۆڤان محەمەد:
نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چاودێری چڕ کە بریتییە لە 40 تەختی نەخۆش دروست دەکرێت



خەبات کە زۆر پێویستە نەخۆشخانە بۆ ئەو قەزایە دروست بکرێت ئەگەرچی کاتی خۆی شوێنی بۆ دابین کرابوو، بەڵام لەبەر وەستانی پڕۆژە ستراتیژییەکان ئەو پڕۆژەیەش وەستاو ئەو شوێنە زۆر گرنگە نەخۆشخانەی هەبێت و لەناو شاری هەولێریش پێویستە نەخۆشخانەیەکی گەورە دروست بکرێت، لەپلانماندایە نەخۆشخانەیەکی دیکەی لەدایکبوون دروست بکەین ئەویش لەیەکێك لە بنکە تەندروستییەکانەو کەوتۆتە شارەدێی دارەتوو دیارە لەناو ئەو بنکەیەدا هۆڵی نەشتەرگەری و هۆڵی لەدایك بوون هەیە، دەمانەوێت وەکو نەخۆشخانەیەکی لەدایکبوونی لێ بکەین ئەویش پێویستی بە بودجەیەك هەیەو لەکاتی هەبوونی بودجە دەتوانین تەواوی بکەین تا ئەو شوێنەش بکەوێتە خزمەتی هاووڵاتیان.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر دەشڵێت: زۆر سوپاسی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە هەمیشە خەمخۆری کەرتی تەندروستییەو ڕۆڵی کاریگەری هەیە بۆ پێشخستنی ئەو کەرتەو سەردانی نەخۆشخانەکان دەکات و هەمشە بودجەی پێویستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادابین کردووە، کە چەندین جار بودجەی بۆ تەرخانکردووە ئەو هەنگاوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرۆتینی زۆری بەکەرتی تەندروستی بەخشیوەو لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی تەندروستی بووە، ئەوەش وای لەپزیشکان و کارمەندانی تەندروستی کردووە کە زیاتر لە خزمەتی هاووڵاتیاندابن.

د. دلۆڤان محەمەد لە دواییدا تەوەری قسەکانیدا گوتی: ئێمە هەوڵی فراوانکردنی نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان دەدەین، باڵخانەکەی کۆنەو مایەی خۆشحاڵییە هەرلەناو ئەو نەخۆشخانەیە باڵخانەیەکی دیکە دروستکراوەو لەئایندەیەکی نزیك دەکەوێتە خزمەتی هاووڵاتیان و نزیکەی 100 قەرەوێلە دەبێت ئەو پڕۆژەیەش دەسکەوتێکی گرنگە بۆ هاووڵاتیان، چەندین بەشی گرنگ لەخۆ دەگرێت وەك بەشی چاودێری چڕو بەشی ڕاوێژکاری و بەشی فریاکەوتن و چەند بەشێکی دیکە، لەماوەی ڕابردووش ئێمە ڕاوێژکارییەکی منداڵانمان بۆ ئەو نەخۆشخانەیە زیاد کرد لەپێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیان و گرنگیدانی زیاتر بەکەرتی تەندروستی، هەوڵی ئەوە دەدەین کە نەخۆشخانەکان گەشە پێ بدەین و زیاتر بیبووژێنینەوەو ئامێری پزیشکی زیاتری بۆ دابین بکەین، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانی نەخۆشخانەکان، کۆبوونەوەشمان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ناشنای کێشەکانیان بین.

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی قەزای سۆران هاووڵاتیانی دەڤەرەکە ئاگادار دەکاتەوە

بەڕێوەبەری ئاوی سۆران: هەر هاوبەشێك پێوەری ئاوی نەبەستێت، لەم مانگە بە دواوە مانگانە پسوولەی 100 هەزار دیناری بۆ دێتەوە

خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی – سۆران



ئەگەرچی ماوەی چەندین ساڵە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری بەستنی پێوەری ئاو بۆ سەرجەم هاوبەشانی ئاو لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان دراوە، کەچی تا ئێستا و دوای چەندینجار دەرفەت لە سنووری قەزای سۆران (14) هەزار هاوبەش پێوەری ئاوییان نەبەستووە و بەڕێوەبەری ئاوی سۆرانیش تایبەت بەخەبات ڕایگەیاند: لەم مانگە بەدواوە ئەو هاوبەشانەی کە پێوەری ئاوییان نەبەستووە مانگانە لە جیاتی پسوولەی (10) هەزار دیناری پسوولەیەکی (100) هەزار دیناریان بۆ دێتەوە.

(١٤) هەزار هاوبەش پێوەرییان نەبەستوو

ئاشکرایە لە ساڵی (2015)ەوە وەك هەنگاوێکی گرنگ بڕیاری بەستنی پێوەری ئاو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە درا کەچی تا ئێستا لە سنووری قەزای سۆران (14) هەزار هاوبەشی ئاو پێوەری ئاوییان نەبەستووە، لەوبارەیەوە ئەندازیار (تەحسین سەعدوللا) بەڕێوەبەری ئاوی سۆران ڕایگەیاند، خۆتان دەزانن لە ساڵی (2015)ەوە بڕیار لەسەر بەستنی پێوەری ئاو بۆ هەر ماڵێك درا لەو کاتەشەوە تا ئێستا لە سۆران (12) هەزار هاوبەش بڕیارەکەیان جێبەجێکردووە و پێوەری ئاوییان بەستووە و (14) هەزار هاوبەشی دیکەش تا ئێستا پێوەرییان نەبەستووە.

سەرپێچیکاران مانگانە پسوولەی (١٠٠) هەزار دیناریان بۆ دێت.

هەر لە میانەی قسەکانی بۆ خەبات بەڕێوەبەری ئاوی سۆران ئاماژەی بەوە دەرفەتانە دا کە بە هۆی بارودۆخی ئابووری لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو بە ئەو هاوبەشانە دراوە کە پێوەری ئاوییان نەبەستووە و وتی : لە ساڵی (2018) ەوە تا ئێستا سێ جار دەرفەت بەو هاوبەشانە دراوە کە پێوەرییان نەبەستووە و خۆشبەختانەش لەو ماوەیە ژمارەیەکی باش لە هاوبەشان سەردانیان کردین و پابەندی ڕێنماییەکان بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا سەرەڕای ئەو دەرفەتانەی کە دراوە تا ئێستا (14) هەزار هاوبەش تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت پێوەری ئاوییان نەبەستووە , بۆیە لە دواییان کۆبوونەوەمان و بە بەشداری سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بڕیار درا لەم مانگە بە دواوە ئەو هاوبەشانەی کە پێوەری ئاوییان نەبەستووە مانگانە پسوولەیەکی (100) هەزار دیناریان بۆ بچێت، بەڕاستی پێوەری ئاو زۆربەی کێشەکانی پەیوەست بە ئاو چارەسەر دەکات بە تایبەتی کێشەی کەمی ئاو و هاووڵاتیش بە پێی ئەو برە ئاوەی کە بەکاری دەهێنێت پارەی ئاوەکە دەدات واتە لەکۆتایی لە سوودی خودی هاووڵاتی دایە , بۆیە لەڕێگای ئێوەوە داوا لە هەموو هاوبەشان دەکەم کە پابەندی یاسا بن و ئەگەر تا ئێستا پێوەرییان نەبەستووە سەردانمان بکەن و دەست بە بەستنی پێوەرەکە بکەن، لای خۆشمانەوە پێشنیارێکمان داوەتە سەرووی خۆمان و داوامان کردووە ئەگەر تا کۆتایی ساڵ سەرپێچیکاران هەستان بە بەستنی پێوەری ئاو، ئەوا حکومەت لەو (100) هەزار دیناره خۆش بێت، کە بڕیار وایە لەم مانگە بۆیان بچێت , چونکە بەراستی چیتر ناکرێت ئەو هاوبەشانەی پێوەرییان بەستووە و ئەو هاوبەشانەشی کە نەیانبەستووە وەك یەك پارەی ئاو بدەن.



تیشکێک بۆ سەر میژووی تاق گرا

کەمال نوری مەعروف
لەفارسییەوە گۆڕیوێتی و لەسەری نووسیوە
بەشی یەکەم



تاق گرا، شوێنەوارێکە دەکەوێتە رۆخی جادەی کۆنی میژوویی خوراسان کە ناسراوە بە جادەی ئاوریشم) و دەروانێت بەسەر دەربەندی (پاتاق) لەنێوان کرماشان و قەسری شیرین لەدووری ٤٠ کیلۆمەتر.

گەردنەی پاتاق کە بینای ناوبراوی تیادا دروست کراوە پێچاوپێچێکە تاوەکو بەرەو خوارووی ببینەوە درێژ دەبێتەوە. بەرزی تاقاکەش لەدەریاوە ١٨٩٥ مەترە.

سااڵنێك بەر لەم ئیدارەیە رێگای پارێزگای کرماشان رێگای جادەی کۆن بوو کە لەبەردەم تاقەکەوە دەڕۆیشت بەاڵم ئێستا ئەو جادەیە گۆڕاوەو رێگایەکی قیرتاوی تۆزێك دووتر دروست کراوەو تاقەکەش (١٥٠) مەترێك لێوەی دوورەو دەکەوێتە خواروووی جادە تازەکەوە، بەشێك لەجادە کۆنەکە دەکەوێتە چوار دەوری حەوشەی تاقەکەوە، بەاڵم دوای کنەو پشکنینی شوێنەواری دەرکەوت رەنگی تۆپکڵی سەرەوەی خاکەکەی جارێکی دیکە ئامادە کراوەتەوەو بەبەردیش فەرش کراوەو چوار دەوری ئەو شوێنەش جیا کراوەتەوە، هەموو ئەو دروستکراوانەش لەدیوارو بەردرێژو شتیتر بۆ پتەوکردنی تاقەکە ئامادە کراوە.

گۆڕینی رێڕەوی جادەکەش ئەگەرچی بینا میژوویەکەی شاردۆتەوە، بەاڵم لەهەمان کاتدا پارێزگاریشی لێکردووە، چونکە لەوەوبەر لەژێر کاریگەری رۆشتنی ئۆتۆمبیلە قورسەکاندا بووە کە تاقاکە بەوهۆیەوە بەدەر نەبووە لەکاریگەرێتی رووخاندن، دوو هێڵی لوولەی نەوتیش کە بەناوچەی خۆرئاوای تاقەکەدا دەڕوات ئەوەش کۆمەڵێك کێشەی رۆژانەی بۆ تاقەکە دروست کردووە.

لێرەدا بەوردی ئەوە نەزانراوە کە جادەی کۆنی ناوبراو لەکام سەردەمدا دروست کراوە، بەاڵم گرنگی شوێنەکەی لەرۆیشتنی سوپاداو پەیوەندییەکانی سیاسیی و بازرگانی ئێران لەسەردەمەکانی مادو هەخامەنشیدا ئەوە دەگەیەنێت کە خۆرئاوای ئێران خاوەنی پێشهاتەی زۆر بووە، ئەوەش لە رۆژگارێکدا بووە کە چەندان شوێنی حەوانەوەو کۆشکی ماددی لە (گودین تەپە) و (نۆشیجان) و (باباجان) دروست کراون، هەروەها بەردە نووسراوەکەی بێستوون و کۆشکەکانی ئاکبەتانە بەڵگەیترن بۆ ئاوەدانی لەهەردوو سەردەمەکەدا کە بەو هۆیەوە چەندین رێگا لە (رەی) و (هەمەدان) و (شووش) و (نێوان دوو رووبار) و (سووریا) و (ئاسیای بچووك) هەبوون، بەوپێیە رێڕەوی جادەی خۆرئاوای ئێران، شا رێگایەکی پەیوەندیی بووەو هەمان رێگاش لە رۆژگاری پارتەکاندا گۆڕاوەو بووتە بەشێك لەجادەی ئاوریشم و لەئاویا یەکیانگرتۆتەوە، بازرگانیکردنیش بەو کاڵایە لەنێوان خۆرهەاڵت و خۆرئاوادا لەکۆنەوە هەبووەو لەچاخی هەشتەمی زایینیدا گەیشتۆتە لوتکەی پێشکەوتن.

میژووی مەزندەی کرد ئەوەی جادەی ئاوریشم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢١ی زایینی، بەاڵم بەشێوەیەکی گشتی دروستکردنی جادەی بازرگانی لەئاسیای خۆرئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی دوانزەی بەر لەزایین، سەرەتاکەی بەماڵیکردنی حوشتر دەست پێدەکات هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کاروانەکانی ئەعراب لەنێوان حیجازو یەمەن و دوو بارە فەلەستین بەکەلوپەلی زۆرەوە وەکو کەتیرەی بۆنخۆش و خورماو گوالو لەهاتوچۆدا بوون، دواتر هیندو ئەفریقاش بەو رێگا بازرگانییەوە پەیوەست بوون و لەجۆرەکانی دەرمان و ئێسقانی فیل و پەمووبان گەیاندۆتە بازارەکانی گەالن.

لەچاخی حەوتەمی پ.ز دراوی ئاڵتوون و زیو لەاليەن لیدییەکانەوە لێدراو ئابووری بازرگانیش بەهۆی رێگاکانی ئاوی و وشکانییەوە رەونەقی پەیدا کرد. یۆنانییەکانیش شەراب و رۆن و گۆزەو گلێنەو ئاسنیان بەگەنم لەگەڵ میسردا دەگۆڕییەوە، بۆ پارێزاریکردنیش لەم بازرگانییە ئەستۆڵی جەنگی دەرکەوت.

ئێران لەسەردەمی هەخامەنشیدا لەرێگای ئاوی و وشکانییەوە توانی دەسەاڵتی بسەپێنێت و گومرکیش لەسەر بازرگانی ترانسێتی ئەو کاڵایانە وەربگرێت، بەپەیدابوونی دەسەاڵتی کەلتووری هێلێنستی بازرگانی دانەوێڵەو ئێسقانی فیل و کانزاو کەلوپەلەکانیتریش لەکاڵاکان کەوتنە دەست سۆلوکییەکان، پارتەکان لەساڵی ١٢٠ ی پ.ز رێگای بازرگانی ئاوریشمییان لە (میدیترانە) (دەریای سپی ناوەڕاست) و سووریا کە دواییں قۆناغی ئەم جادەیە بوو خستییانە دەستیان و نەیانهێشت پەیوەندیی تەواوی یۆنانییەکان و رۆمییەکان لەگەڵ چین و هیند دروست ببێت، بەو کارەشیان وەرگرتنی گومرك و ترانزێت تاوەکو کۆتایی فەرمانڕەوایەتی پارتی بەردەوامی هەبوو، بەتێڕوانین بەاڵپەڕەکانی میژوو دەرئەکەوێت کە ئەم جادە کۆنە بەتەنیا نەبووە کە بەرێگای ئاوریشم ناسراوە، بەاڵم تا ئەوکاتەی دەتوانین زانیاریتر بەدەست بهێنین دەتوانین بەوەی هەیە قەناعەت بکەین. بەهەر شێوەیەك بێت رووداوەکانی جادەی (تاق گرا) و چاك کردنی بۆ رۆیشتنی کاروانەکان و کاروانەکانی حوشترو ئەسپ و ئێستر لە رۆژگاری زووداو بەوشێوەیە نەبوە کە لەئێستادا گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا هاتووە، هەمیشە لەو گۆڕانکارییانە بەهۆی جوولەو لەرزینی هێزی ئۆتۆمبێلەکانی هاتوچۆ، یان جادە دروست کردنەوە، یان دروستکردنی بیناکانی چوارەوری تاقەکە بووە، جگە لەوانەش کۆمەڵێك هۆکاریتر دێنە پێشەوە، کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر گەردنی پاتاقەکەو رووداوەکانیتری وەکو ئاووهەوا کە هۆکار بوون بەوانەش بەردەکانی تاقەکە بەر لەو میژووەو وردە وردەو لەسەرخۆ لەگەڵ بەردەکانی ئەو گەردنەیە کەوتبوونە خوارەوەو لەژێر زەوی شاردراونەتەوە، بنمیچی کەوانەیی تاقەکەش بەهۆی کۆبوونەوەی بەفرو باران لەسەری رووخاندوویەتیی و فشاری زۆریشی لەسەر بەردو خاکی چوارەدورەکەی کۆکردۆتەوەو پاڵی ناوە بەدیوارەکانییەوەو بەردەکانی کردووەو کچ و ژنەکانیش لقی درەختە وشك بووەکانیان کرکۆدتەوەو بەقەدەر باڵای تاقەکە بەرزیانکردۆتەوەو رازو نزاو وێردیان بەسەریا خویندووە، لەم کارەیانا نیازخواز بوون. پاشاوەکانی ئاگرو پارچەی قوماشی رەنگین بەڵگەن کە لەسەر شاخەکان کراونەتەوەو گردراون، تەواوی ئەمانەش هەڵگری نیازە دەروونیەکان و پەیامەکانی رازی بوون بوون کە بەشاراوەیی و نهێنی ماونەتەوە.

رای ئێمە لەسەر شیکردنەوەی ناوی شوێنەوارەکە:

هەروەکو نووسراوە شوێنەوارەکە لەمیژوودا ناوی (تاق گرا)ی لێنراوەو ئەو دەربەندەش کە شوێنەوارەکەی لەخۆگرتووە بەناوی (پاتاق) هاتووە.

من لێرەدا دەمەوی شیکردنەوەیەکیتر لەسەر ناوەکە دروست بکەم و مانایەکیتری بۆ دیاریکەم کە جوداببێت لەو ناوەی کە شیکردنەوەکەی لەسەر هاتووە بەوەی کە دەڵێن ناولێنانی (گرا) لە (گۆڕ)ەوە هاتووە کە بۆچوونێکی هەڵەیەو گۆڕیش لەگەبرەوە نەهاتووەو بەزەردەشتییەکان گوتراوە. وا دیارە نووسەری باس لە وشەی (گرا) یان ئەوتا تێنەگەیشتووە با وەکو وێستوویە لەمانا کورددییە ردسەنەکەی دووربیخاتەوەو مانایەکیتری بۆ دروست بکات بۆئەوەی بڵێ ناوەکە پەیوەستە بەسەردەمە کۆنەکەو ئاینی زەردەشتیش لەو رۆژگارەدا ئایینی ردسمی وڵاتەکە بووەو ناوەکەش لە ئاییەنکەوە وەرگیراوە.

بەاڵی منەوە ناولێنانی (گرا) هەروەکو ئاماژەمدا ناوێکی کوردی ردسەنەو بنەچەی (گرا)ش لەگڕەوە هاتووەو واتە شوێنێك بووە بەردەوام رووناکی تیادا بووە واتە ئاگری تیادا سووتاوە. کاروانچییەکانیش لە هاتوچۆکردنیانا لەشەودا بۆ ناسینەوەی رێگاکە سوودیان لێبینیوە، یان وێستگەیەکی پشوودان بووە لەسەردەمە کۆنەکانداو شوێنی حەوانەوەی کاروانچییەکان بووە هەوەکو لەناوەڕۆکی نووسینەکەدا باسی کراوە، (گرا)ش دەتوانین بڵێین سەرچاوەکەی لەگڕەوە هاتووە، لەو جۆرە ناوانەش لای ئێمە هەیەو نموونەی لەبەرچاویش (بابە گورگور) کە لێرەدا گور بەمانای (گر) هاتووەو لای نزاکەرانیش بەتایبەتی ئافرەتان کاتێك بەدەوریا تەوافیان کردووەو بەناو ئەوەی پیاو چاکەو (گڕ)ەکەی کە هەیەتی بۆ ئەوە بووە خوا کوڕیان بداتێ بۆ ئەو مەبەستەش دۆعاو نزایان کردووەو چەند جارێك وتوویانەتەوە، لەو جۆرە گۆڵکۆزی پیاو چاکانەش لەکوردستانا زۆرن، خەڵکیش بەزۆری ئافرەت سەردانی دەکەن بەمەبەستی بەجێگەیاندنی رازی دڵی. جگە لەو وشەیە، وشەی (پاتاق)یش کەلەناو نووسینەکەدا هاتووە هەر بە هەڵە ماناکەی لێکدراوەتەوە، چونکە نووسەر وایداناوە لە (پرد) و (تاق) وە هاتووە هەروەکو لەکۆتاییەکەیدا دەڵێ: لە پەهلەویشدا (تاق) پێناسە نەکراوە.

بەاڵی منەوە ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ حەقیقەتی شوێنەکەدا ناڕواو (پاتاق)یش بەو دەربەندە گوتراوە بەپێی نووسینەکە، کەتووەتە نێوان (کرماشان) و (قەسری شیرین)، لێرەدا ئەو مانایەی کە (پاتاق) دەباتەوە بۆ (پرد) و (تاق) ئایا پاشاوەی ئەو پردە هەیە؟ بۆ بوونی ئەوە لە نووسینەکەدا هیچ ئاماژەیەك نەکراوە ئەوەش بەاڵی منەوە لێکدانەوەیەکیتر بۆ (پاتاق) دروست دەکات کە (پا) بۆ (پلە) یان پلیکانە هاتووەو تاقەکەش بۆ سەختی شوێنەکە دەبەمەوە، چونکە شاخاوییەو وەکو پلیکانە دەبێت پێایدا سەربکەوێت، یان بگەیتە لوتکەکەی، لەنموونەی ئەو جۆرە ناوە لێکدراوانەش لەکوردستانا زۆرن لەوانە (پارەزان)، (باسەڕ).

گەشتیاران و میژوونووسانی کۆن دەربارەی تاقگرا چی دەڵێن:

تاقی ناوبراو وادەزنەکەوێت کە بەردی نووسراوی هەبووبێت هەروەکو لەو دوو هێیا هەڵکۆڵراوەدا دەزنەکەوێت کە بۆ سەردەمی پارتەکان دەگەڕێتەوە، ئەو دووانەش لەالیەن (کالیس) ناسراوێن و جێگیر بوون، جگە لەوەش نووسینێکی کورتی (یا علی)یش لەسەر رووی یەکێك لە بەردەکان هەڵکۆڵراوە وا دیارە ئەو وشەیەش پەیوەست بێت بە (ئەهلی حەق). (ئۆژن فالاندن) و (پاسکال کیست) لە ساڵی ١٨٤٠ی زایینی دییەنی (تاقگرا) یان کردووەو نەخشەیان بۆ کردووەو رایان لەسەری دەربڕیوە، لەگەڵ دروستکردنی وێنەیەکی جوان بۆی و دەرخستنی کاریگەری جادەی کاروانچیەکان لەسەری هەموو ئەمانەیان لەکتێبی خۆیاندا بەئەنجام گەیاندووەو چاپیان کردووە لە ژێر ناونیشانی سەفەرکردن بۆ ئێران. لەو رۆژگارەدا واتە لەنیوەی چاخی نۆزدەیەم بەردەکانی سەرەوەی و الکانی تاقەکە بەزۆری کەوتوونەتە خوارەوەو ژێر خاك کەوتوون، (رۆڵەنسن) و (دیمۆرگان) و (ساره) و (هێزرفیلد) تاقەکەیان بەسەرکردۆتەوەو سەرچاوەی دییەنییەکەشیان بووەو ئەوەی لەزانیاری هەبووە لەسەری نووسیویانە (هوارت) بینای تاقەکەی بەخۆرهەاڵتناسان ناساندووە بەوەی کە مەخفەرێکی سنوورە.

(ئارتۆر ئاپهام پوپ) کە زانیارییەکانی لەکەسانیترەوە وەرگرتووە ئەم تاقەی لەڕووی بیناسازییەوە بەیەکێکیتر چواندووە کە شێوەکەی دەچێتەوە سەر تەالرسازی ساسانی، هەروەکو دەڵێت: ئەم پاشاوەیە کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان دوو رووبارو ئێران لەتەالرسازی مەسیحی دەچێ و تەواوی میژووی بیناکەشی بردۆتەوە بۆ نێوان چاخی دووەم و پێنجەمی زایینی.

(رۆمن گیریشمەن) تاقگرای بەبینایەکی بچکۆلە داناوەو نەخشەکەی لەسەر شێوەی بیناکانی (حەزەر) پێناسە کردووە کە لەرۆخی جادەی کرماشان بەغدا دروست کراوە، بەباوەڕی ئەو سەرچاوەی تاقەکە لەتەالرسازی ئاشکانییەوە وەرگیراوە کە خودی بینای ساسانیش بۆ تەالرسازی ئەشکانی دەگەڕێتەوە کە هەتاکو کۆتایی چاخی (٣) زایینی بەردەوامی هەبووە.


بیناکانی سەردەمی پارتیش کە بە بەرد دروست کراون بەگشتی دیوارو قولەو شورایان هەبووە. لە هەندێك ناوچەشدا ئەو شورایانە بەخشتی قوڕ یان خشتی سووركراو بە بەرزی دروست کراون و گۆشەی گەورە تیایاندا بەکارهێنراوەو دەروازەکانیشیان لەسەر شێوە کەوانەو مانگ دەرهێنراون. بەشێوەیەکی گشتی تەالرسازی پارتی لە چاخی یەکەمی زایینیدا لەکۆمەڵێك شێوەی تەالری کۆنی یۆنانییەوە وەرگیراوە، ئەو وەرگرتنەش دەوڵەمەندی پێبەخشیوە بەجۆرێك کە شێوە کۆنەکەو تازەکە تیایدا تێکەاڵو کراوە، لەسەرەتادا پارتییەکان کۆڵەکەیان لەیۆنانییەکانەوە وەرگرتووەو لەبیناکانیاندا بەکاریان هێناوە، بەاڵم لە چاخی یەکەمی زایینیدا کۆڵەکەیان بۆ کارە سەرەکییەکانیان بەکارنەهێناوە، واتە لەدروستکردنی تەالرەکانیاندا دەوڕێکی بۆ دانەنراوە بەڵکو لەکاتی پێویستدا سوودیان لێبینیوە ئەوەش لە رۆژگارێکدا بووە کۆڵەکە لەپێشەوەی کۆشکەکاندا واتە لەهەیوانەکاندا بڕیار لەسەر دانانی دراوەو بنمیچەکانیشیان بەتاقی کەوانەیی شێوە چنراو دروست کردووە بەو کارەشیان شێوە هەیوانیان نەخشاندووە یان پێکهێناوە. ئەوەش بووەتە سەرەتایەك بۆ میژووی دروستبوونی هەیوان لەتەالرسازی ئاریاییدا کە بەشێوەیەکی نوێ داڕێژراوەو دەرکەوتووەو دواتر لە بینایەکدا بووەتە دوو هەیوان و لەکۆتاییدا گۆڕاوە بۆ بینای (٣) هەیوانیی و چوار هەیوانی، ئەم شێوە نەخشەش لە چاخی ئیسالمیدا دیمەنی چوار هەیوانی وەرگرت و لە مزگەوتەکاندا دەرکەوت.

پارتەکان کە گەلی (داهە)یان پێدەڵێن کاتێك دەوارنشین بوون لە دەشتەکانی باکووری خۆرهەاڵتی دەریای خەزەر لەوانەیە بیری دروستکردنی هەیوانیان لە تەالرسازی کۆشکی ئاشووریییەوە وەرگرتبێت، یان لەزەوی بەردەمی دەوارەکانیان.





لە رۆژی ریفراندۆم دا، چیم بینی..؟



فەلاح حەسەن

سەعات حەوت و نیوی بەیانی بوو، سەرۆکایەتی شاندێکی وڵاتانی ئەورووپی و رووسیا و ئەمەریکای لاتینم دەکرد، کە بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان وەکو چاودێری نێودەوڵەتی هاتبوون چاودێری پرۆسەی دەنگدانەکە بکەن، لەبەر دەرگای هۆتێل لەگەڵ شاندەکە چاوەڕێی ئۆتۆمبیلەکانم دەکرد تا لەگەڵیاندا بەڕێکەوین بۆ بنکەکانی دەنگدان، هەوایەکی خۆش و کەشێکی ئارامی هەوڵێری پایتەخت و ڕەنگی ئاسمانە جوانەکەی کوردستانم لێ دیار بوو، لەناکاو ئۆتۆمبیلەکان هاتن و زۆر پاك و خاوێن و سەرنجڕاکێشبوون بەوەی هەموویان بەتاڵای کوردستان رازاندرابوونەوە، لەو ساتەدا لەگەڵ وەستانی ئۆتۆمبیلەکان لەبەردەم هۆتێلەکە لەپڕێکدا سەرجەم مزگەوتەکانی دەوروبەری هۆتێلەکەش دەستیان کرد بەتەکبیرلێدان و گوتنەوەی (الله اکبر الله اکبر الله اکبر، لا اله الا الله) شاندە بیانییەکە سەریان سووڕما، ئایا ئەم دەنگانە چین لەپڕێکدا پەیدابوون ؟ چی دەگوزەرێت؟

مرۆڤ بوونەوەرێکە پێکهاتووە لە پارچەیەکی گەورەی گۆشت، نەك ئاسن! منیش مرۆڤم، کوڕە پێشمەرگەیەکی کوردستانم، لەگەڵ ئەم هەموو هەست و جووڵەیەدا چاوەکانم لەگەڵ بینینی ئاڵاکانی کوردستان و بیستنی تەکبیرلێدان پربوون لە ئاو و فرمێسکی خۆشی و سەرکەوتن، سەرکەوتنێك کە نە بەپارەو نە بە هیچ پلە و پۆست و بڕوانامەیەك بەدەست دێت، جگە لەوەی تەنیا بە خوێنی شەهیدان و قارەمانیەتی پێشمەرگە و خوراگری ئەم گەلە مەزنە و شۆڕشگێڕانی نەبێت، کە بەدەست هاتووە، بۆیە مردنیش ئیتر دوای ئەمڕۆژە خۆشە.

هاوڕێیە بیانییەکانم لەگەڵ هەست و فرمێسکەکانی من دەستیان کرد بە باوەشکردنم و ئەوانیش لەگەڵ من چاوەکانیان پربوون لە فرمێسکێکی دۆستانە و خوشك و برایانە کە دوای ئەوەی هەزاران هەزار کیلۆمەتریان بڕیبوو و لەسەر گیرفان و ئەرکی مادی خۆیان هاتبوون بۆ کوردستان، تا وەفاداریان بنوێنن بۆ گەلی ئێمەو بینە ئامرازێك بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لەو رۆژە مێژوویی و پر سەروەرییەی گەلی کوردستاندا.

سەرۆك بارزانی مەرجەعی کورد

پێگەی سەرۆك بارزانی لەنێوەندە نێوخۆیی و نێو دەوڵەتییەکاندا



د. یوسف عەبدولقادر

ئێمە وەکو کورد مافی خۆمانە شانازی بە رێبەرەکانی خۆمان بکەین، بە تایبەتیش ئەوانەی جێ پەنجەیان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی میللەتەکەماندا دیارە. من لێرەدا تەنیا باس لە پێگەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەم لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و کاریگەریی و کاردانەوەکانی لە سیاسەتی ناوەو و دەرەوەی وڵاتدا.

جەنابی سەرۆك رابردوویەکی زۆر دەوڵەمەندو سەربەرزانەی هەیە لە بزووتنەوەی نازدیخوازیدا، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە چەکی شەرەف و کوردایەتی لەشانکردووەو بەشداری لە دەیان داستان و شەڕی سەپێندراو کردووە، کە بەسەر میللەکەماندا هاتووە، بەو هۆیەشەوە ئەزموونێکی زۆری لە بواری سەربازیدا هەیە، کە هەر جەنابیشیان بوو سەرکردایەتی رووبەڕووبونەوەی داعشی لە ئەستۆ گرت و تا دواییں رۆژ لە سەنگەرەکانی دژ بە داعش بوو، کە تاقە شانازی لای ئەو گرنگ بێت ناوی (پێشمەرگەیە) لە رووی سیاسی و دیبلۆماسیشدا پێگەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆتە ئەمری واقیع، جگە لە ئەزموون و خەبات و تێکۆشانی رابردوویان، هەیبەت و کەسایەتی بەهێزی سەرۆك مەرجەعیەتبوونی ئەو فەرز دەکات، کە دۆست و دوژمن ناچار بکات دان بەو راستییەدا بنێن و هەر بەرپرسێکی ناوەوە و دەرەوە کە رووی لە کوردستان کرد، پێشەکی سەردانی جەنابی بارزانی دەکات و مەشوورەت لەگەڵ بەرێزیان دەکات، واتا هاتنی هەرکەسایەتییەك یان شاند و نوێنەرە دبلۆماسییەکان و سەرکردەی وڵاتان، ئەگەر بەبێ بینینی جەنابی سەرۆك بگەڕێتەوە وا دەزانێت بەدەستی بەتاڵ گەڕاوەتەوە.

کەواتە سەرۆك بارزانی پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە هەموو بوارەکاندا لە ناوەوەو و دەرەوە حیسابی بۆ دەکرێت و وەکو رابەری نەتەوەی کورد مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە مەرجەعیەتەکە لێرەدا دەردەکەوێ و دەبێتە ئەمری واقیع. بۆ بەبیرهێنانەوەش لە ساڵی ١٩٩١ کە ئەو کات بەرەی کوردستانی هەبوو، داوا لە شاندی کوردی کرا بچنە بەغدا بۆ دانوستاندن لەگەڵ سەدام حوسێن و حکوومەتی ئەوکاتەی عیراق، کە هەر حزبێك نوێنەرێکیان لەنێو شاندەکەدا بوو، شاندی بەرەی کوردستانی بریتیبوون لە خوالێخشبووان مام جلال و کاك سامی عەبدولڕەحمن و کاك ڕەسوڵ مامەند، هەروەها لە پارتیش جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی بوو، سەدام حوسێن ئەوکات نەیویست دوا بڕیار بدات بەبێ ئەوەی جەنابی کاك مسعود بیبینێت و وا قەناعەتی بۆ دروست ببوو، کە بەبێ جەنابی سەرۆك گفتوگۆکان سەرناگرێت، بۆیە لە کاتی گەڕانەوەیاندا شاندەکە داوایان لە جەنابی سەرۆك کرد، کە بۆ بەرژەوەندی کورد سەردانی بەغدا بکات، ئەگەرچی جەنابیان زۆری پێ ناخۆش بوو، فەرمووی: حەزناکەم بچم، بەڵام مادام بەرژەوەندی میللەت لەوە دەبینن، ئەوە دەمانچەکەم داناو من دەچم گفتوگۆ لەسەر ئاشتی دەکەم، لەو رۆژەوەش تا ئەمڕۆ دەمانچەی نەبەست، کاتێکیش چووە بەغدا خوالێخوشبوو کاك نەوشیروان مستەفای لەگەڵ بوو، بە سەدام حوسێنی گوت: من لەسەر یەك دەڕیا خوێن پەڕیمەوەو هاتوومەتە ئێرە، قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە دەست لە ناو دەستی تۆ دابنێم، بەڵام کە بەرژەوەندی میللەتەکەم و عێراق لەوەدایە، واهاتووم گفتوگۆتان لەگەڵ بکەم.

کەواتە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بۆتە مەرجەع بۆ دوا بڕیار و بارەگای بەرێزیان بۆتە ناوەندی بڕیار، هەر سەرۆك بارزانیش بوو سەرکردایەتی ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد، کە بریارێکی زۆر قورس بوو، هەروەها تەحەدا بوو بۆ رای گشتی کە میللەتی کورد داوای سەربەخۆیی دەکا، ئەوەش ریکۆردێك بوو بۆ مێژوو تۆمار کرا، ئەگەرچیش خەڵکانێك لە خەیاڵ دەژیان و وایاندەزانی سەرۆك بارزانی بە کورسیەکەیەوە حیسابی بۆ دەکرێت، بەڵام لە ئەنجامدا دەرکەوت بەرێزیان لە کورسیەکە گەورەترە و بە هەموو پێوەرێك مەرجەعە بۆ دۆست و دوژمن .

کورد لە نێوان 100 ساڵی حوکمڕانی عەبدولڕەحمان گەیلانی بۆ مستەفا کازمی



مستەفا قایتەوەنی -لەندەن

لە47 سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقدا، کورد لە نەهامەتی و ماڵ وێرانی زیاتر هیچی نەچنیەوە



عەرەبی سوننەو شیعەی عێراق وەک دوو دوژمنی 1400 ساڵە سەیری یەکتر دەکەن، بەڵام هەموویان بەیەک چاو سەیری کوردستان دەکەن

بەراوردی بکەین کە کورد هێزو پێگەی هەبوو! لەئێستادا پێگەی کورد لە عێراقدا زۆر لاوازو کەم هێزە، بەغداش ئەو راستییە دەزانێ و خۆشیان دانمان پێدا ناوە، ئەو هەموو پاشەکشەیەش یەك ڕەهەندی نییە، بەڵکو ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە و ڕەنگە بەشێکیشی ململانێی نێودەوڵەتی و هەرێمی بێت لەدەرەوەی دەسەڵاتی کوردیشدا بێت!

بەڵام لایەنە کوردی و کوردستانییەکان دەتوانن هەندێ لەو ریسانە بکەنەوە بە خوری و گرۆتینێك بدەنەوە بەر کوردو پێگە سیاسییەکەی لەبەغدا بەهێز بکەنەوە، ئێمە دەبێ راشکاوانە دان بەوەدا بنێین کورد خاوەنی ناوماڵێکی بڵاو و داپشکاوی سیاسیە و ئەو یەکگرتوویی و یەك گوتاری سیاسی جارانمان نەماوە، هەولێر ناتوانێ کاریگەرییەکەی ساڵانی ڕابردوو لەسەر بەغدا دروست بکاتەوە، بەڵکو ئەوە بەغدایە بووەتە دەم سپی و کاریگەری لەسەر هەولێرو سلێمانیش دوورست کردووە.

عەرەبی سوننەو شیعەی عێراق وەك دوو دوژمنی هەزارو چوار سەد ساڵە سەیری یەك دەکەن، بەڵام کە دێتە سەر پرسی کورد هەموویان عەرەبن و بەیەك چاو سەیری کوردستان دەکەن بێ جیاوازی.

کێشەی کوردیش ئەوەیە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی یەکڕیزی لە سەر شانۆی سیاسی نابینرێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ پشتگیری حزبەکان بەرامبەر بەغدا وەستاوە و هەر حزبەو بۆ پەیوەندی لەگەڵ بەغدا ئەسپی خۆی تاو دەدا.

هەرێمی کوردستان لەبەردەم تەحەدیاتی گەورەدایە کە بۆی بووەتە دووڕیانێك هەڵبژاردنی هەریەکێك لەو ڕێگایانە کوردستان لەقاڵب دەدا، یەکەمیان ڕادەستکردنەوەی هەموو شتە بە بەغدا ، دووەم بەرگەگرتنە لەبەردەم فشارەکانی بەغدا و هەرێمایەتی و ئەم برسێتی و بێ مووچەیەی ئێستایە.

پێموایە هەردوو بژاردەکە هەریەکەیان مەترسی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر بە لۆژیك لێکی بدەینەوە بژاردەی یەکەم لەپێناو مووچەو ئیمتیاز کوردستان خۆی ڕادەستی بەغدا بکات، خەبات و قوربانی ١٠٠ ساڵی ڕابردوومان دەبێتە چیرۆکێکی ساردوسڕی بێ ئەنجامی بەر ئاگردان و لەناو عێراقیبووندا دەتوێنەوە.

هەرچی بژاردەی دووەمە پێویستی بە یەکگرتوویی نیشتیمانی و پێکەوەی و تەبای هەیە بۆ بەرگە گرتنی فشارەکان کە پێموایە ئەوەیان بژاردەیەکی دروست تر ە ، بەڵام بەو مەرجەی پارتی کە دەسەڵاتی زیاتری لایە و یەکێتیش هێزی دووەمە لەکوردستان و دوای ئەوانیش بزووتنەوەی گۆڕان و لایەنەکانی تریش بەپێی پێگەو قورسایی خۆیان شان بدەنەبەر بەرپرسیارەتی مێژوویی، بەتایبەتیش بەرپرسیارەتی پلە یەك لەسەر پارتی و یەکێتیە، چونکە دوو لایەنی خاوەن هێزو ئیمکانیەتی زەبەلاحن، دڵنیام ئەگەر ئەو هەنگاوانە بنێن هەموو خەڵکی کوردستان پشتیوانتان دەبێ و ئیرادەی میللی و شەقام لە هەموو پشتیوانییەکی دەرەکی بەهێزترە.

هیچ هێزێکی دەرەکی و هەرێمی ناتوانێ ئیرادەی گەلان بشکێنێت، خەڵکی کوردستانیش قوربانی زۆری داوە لەبەرز ڕاگرتنی کەرامەت و هەڵگرتنی ناسنامەی کورد بووندا، ئەو هەموو شەهید و قوربانی و مااڵ وێرانی و ئەنفال و جینۆسایدو کیمیا بارانە لەپێناو ڕاگرتنی شکۆی کورد بون و کەرامەتدا بوو.

لە٤٧ سەرۆك وەزیری عێراق لە عەبدولڕەحمان گەیلانی بۆ مستەفا کازمی کورد لە نەهامەتی و ماڵ وێرانی زیاتر هیچی نەچنیەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە بەیەککڕیزی و تەبایی بەرەنگاری فشارەکان ببنەوە، حکوومەتیش پلانێکی تۆکمەی هەبێ بەرانبەر نەوت غاز و پشت بە کەرتی کشتوکاڵ ببەستێ و بەروبومی خۆماڵی بەکار بهێنێ و سوود لەئەزمونی وڵاتانی ئابلۆقەدراو ببینین، کوردستانیش ناوچەیەکی دەوڵەمەندو بەپیتە و کەشوهەوایەکی لەباریشی هەیە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و سروشتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە بۆ ڕێخستنەوەی کەرتی گەشتیاری و خاکەکشان پرە لە کانزای بەنرخ هاوشێوەی نەوت و گاز، تەنها حزب و لایەنەکان پشتیوانی حکوومەت بن و واز لە ئەجندای حزبی بهێنن. شەپۆلەکانی دەریا مەترسی گەورەن بۆ سەر ئەو کەشتییەی ناوی کوردستانە ئەگەر ژێر ئاو کەوت کەسیان سەلامەت دەرناچین و ئۆقیانووسیش بەمەڵەوانی ناپردرێ.

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی عەنکاوە
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/٦٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٣
ئاگاداری
بۆ / کفاح کنعان توما
لەبەر نەزانینی نادیاری شوێنی نیشتەجێت بۆیە بەپێی ماددەی ٢٧ لە یاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیێنین تا لە ماوەی ١٥ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی دانەوەی قەرزی مصرف الشرق الاوسط العراقی کە بری ١٤،٤٠٠،٠٠٠ چواردە ملیۆن و چوار سەد هەزار دینارە ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد / هیوا هادی نادر
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/٢٠٣٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٣
ئاگاداری
بۆ / غزوان رعد نافع
لەبەر نەزانینی نادیاری شوێنی نیشتەجێت بۆیە بەپێی ماددەی ٢٧ لە یاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیێنین تا لە ماوەی ١٥ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی دانەوەی قەرزی مصرف الشرق الاوسط العراقی کە بری ١٤،٤٠٠،٠٠٠ چواردە ملیۆن و چوار سەد هەزار دینارە ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/٢٠٣٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٣
ئاگاداری
بۆ / دالیا محمد ابراهیم
لەبەر نەزانینی نادیاری شوێنی نیشتەجێت بۆیە بەپێی ماددەی ٢٧ لە یاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیێنین تا لە ماوەی ١٥ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی دانەوەی قەرزی مصرف الشرق الاوسط العراقی کە بری ٩،٦٠٠،٠٠٠ نۆ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینارە ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
* * *
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە/ ٨٥/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ حلا حمید محمد
ئاگادارکردنەوە
لە ئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە ٨٥/ك/٢٠٢٠ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٤ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٥ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٨٩/ج٣/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢١
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (شیرزاد عزیز محمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٤٠٦ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢١ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٩٧/ج٣/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (ارام بهرام محمد امین)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٤٤٣ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢١ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٦١٣/ك١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٩
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو: کوردۆ دۆغان
جعفر و زینە اسماعیل عبدی
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٠/١١/٩ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٧١٨/ك١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: رائد مسعود محمد علی
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٠/١١/١٥ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٥٥٥/ك١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: سولان جبار تاهر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٠/١١/١٥ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٤٨/ج/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ ابراهیم معروف عبدالکریم
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٨٩-٢٩٨ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٥ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٨١/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ جمال شعبان نبی
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٠٥ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٢ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
دادگای کەتن لە کۆیە
ژمارە/ ٢/ج غم/ ٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ امید احمد صالح
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئاماژە بە بڕیاری ئەم دادگایە بە ژمارە ٢/ج غم/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٧/٩١ کە بڕیاری داوە بە بەندکردنی بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ پالپشت بە ماددە ٤٥٦ لە یاسای سزادانی عێراقی بە ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەشێوەیەکی پاشملە بە گوێرەی یاسا لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیاردرا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ئاگاداربکرێتەوە کە مافی تانەلێدانت هەیە بەشێوەیەکی نارەزابوون و پێداچوونەوە پاشملە بۆ ماوەی سێ مانگ لە سەرەتای بڵاوبونەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەدا، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ جاسم حمد رضا
* * *
دادگای کەتن لە کۆیە
ژمارە/ ٢١/ج غم/ ٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ هۆگر یونس رحمان
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئاماژە بە بڕیاری ئەم دادگایە بە ژمارە ٢١/ج غم/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٨/٢٦ کە بڕیاری داوە بە بەندکردنی بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ پالپشت بە ماددە ٤٥٦ لە یاسای سزادانی عێراقی بە ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەشێوەیەکی پاشملە بە گوێرەی یاسا لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیاردرا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ئاگاداربکرێتەوە کە مافی تانەلێدانت هەیە بەشێوەیەکی نارەزابوون و پێداچوونەوە پاشملە بۆ ماوەی سێ مانگ لە سەرەتای بڵاوبونەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەدا، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ جاسم حمد رضا
* * *
دادگای کەتن لە کۆیە
ژمارە/ ٦١/ج غم/ ٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ نوارە حمود رحیل
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئاماژە بە بڕیاری ئەم دادگایە بە ژمارە ٦١/ج غم/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٨/٢٦ کە بڕیاری داوە بە بەندکردنی بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ پالپشت بە ماددە ٤٤٦ لە یاسای سزادانی عێراقی بە ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەشێوەیەکی پاشملە بە گوێرەی یاسا لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیاردرا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ئاگاداربکرێتەوە کە مافی تانەلێدانت هەیە بەشێوەیەکی نارەزابوون و پێداچوونەوە پاشملە بۆ ماوەی سێ مانگ لە سەرەتای بڵاوبونەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەدا، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ جاسم حمد رضا
* * *
دادگای کەتن لە کۆیە
ژمارە/ ٤٣٨/ج غم/ ٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ خالد عبید محسن
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئاماژە بە بڕیاری ئەم دادگایە بە ژمارە ٤٣٨/ج غم/٢٠١٩ لە ٢٠٢٠/٣/ ١ کە بڕیاری داوە بە بەندکردنی بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ پالپشت بە ماددە ٤٥٣ لە یاسای سزادانی عێراقی بە ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەشێوەیەکی پاشملە بە گوێرەی یاسا لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیاردرا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ئاگاداربکرێتەوە کە مافی تانەلێدانت هەیە بەشێوەیەکی نارەزابوون و پێداچوونەوە پاشملە بۆ ماوەی سێ مانگ لە سەرەتای بڵاوبونەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەدا، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ جاسم حمد رضا
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ١٤٠٩/ب١/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٤
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (اردلان ناظم سعید)
داواکار (امیر احمد حمدامین) داوای ژمارە (١٤٠٩/ب١/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی زانیاری) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆی ڕۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
* * *
ئاگاداری
ئاگاداریەک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ...
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەڵدەستێت بە بەکرێدانی کافتریای دیوانی وەزارەت، لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە تاکو ماوەی یەک مانگ، هەر کەسێک یاخود کۆمپانیایەک دەیەوێت کافتریای دیوانی وەزارەت بەکرێ بگرێت بۆ ماوەی ساڵێک، پێویست سەردانی بەڕێوەبەرایەتی یاسایی، هۆبەی گرێبستەکان بکات لە دیوانی وەزارەت، بەمەبەستی وەرگرتنی مەرج و ڕێنمایی تایبەت بۆ بەکرێدانی کافتریا.
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە
ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو
جاڕدانی داواکاری سەرلەنوێ تومارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەرواری : ٢٠٢٠/٩/٢٤ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٢٤١/٣) کەرتی (١٦ خراب بابك) بە ناوی أحد الورثة (صلاح حسن محو) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەری ژمارە (٤٣) ساڵی ١٩٧١ تومار بکرێت . بڕیارماندا داواکاری یەکە بڵاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دوای کوتایی هاوەی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
اسماء الورثة: صلاح و شڤان و نشوان و نیچیرڤان و زوزان و هنار و فاطمە وجمیلە و زینب و شیرین و بسنە و بیان و بیریڤان أولاد و بنات حسن محو
یونس محمد أحمد/ ڕیڤەبەر
٢٠٢٠/٩/٢٧
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٢٠/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٧
جاڕدان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٣٥٢٠/هەولێر/کرێ) جۆری (تویوتا کرولا صالون) مۆدێل (٢٠١٠) ڕەنگی (تبنی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (ازاد کادنی حسن) لەڕۆژی (٢٠٢٠/١٠/١٣) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دینار.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
* * *
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٣١٠)م٢ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/٢١) ك (١١٠) چیایێ زرکا/ شاخکێ، بەمەبەستی دانانی (پرۆژەیەکی گەشتیاری و هونەری) بۆ ماوەی (٣) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) بەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهۆك
ژمارە/ ٢٠٢٠/٢٤٠ موحدە
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢١
ڕاگەهاندن
بڕیارهاتەدان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە ٣٥١٦١/ دهۆك-تایبەت جۆرێ ئۆپل ئومیگا صالون مۆدێل ١٩٩٢ ڕەنگ ڕەساسی ئەوا تۆمارکری بناڤێ حمید حسن تیلی هەرکەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر ١٢ دوازدە نیڤرۆ ل روژا ٣ سێێ پشتی ڕاگەهاندنێ و تەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا ١٠٪ ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە ٣،٦٩٠،٠٠٠ سێ ملیۆن و شەش سەد و نەوەت هەزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕەسمێ تۆمارکردنێ و دەلالیەت لسەر بکری یە.
ژڤان عزیز محمد/ جێبەجێکاری داد
* * *
مديرية التسجيل العقاري العامة
مديرية التسجيل العقاري سيمل
العدد/ ٢١٤٥
التاريخ/ ٢٠٢٠/٩/٢٢
الى الراهن/ مسعود محمد يحيى
م/ اعلام
طلب دائن المرتهن سيداد سردار حسين بيع العقار المرقم ٤٩٦/١ المقاطعة ١٦ حوشك بالمزايدة وفق الماد ١٦١ من قانون التسجيل العقاري المرقم ٤٣ لسنة ١٩٧١ و ذالك لانتهاء المدة المذكورة عن موعد تسديد مبلغ الرهن الذى اقتضي دفع مبلغ الرهن الى الدائن المرتهن خلال ١٥ خمسة عشرة يوما اعتبارا من تاريخ النشر المتاخر فى احدى الصحيفتين و لمجهولية اقامتك قرر تبليغك اعلانا بصحفتين محليتين يوميتين وفق المادة ١٦٧ف١ من قانون التسجيل العقاري و عند عدم تسديدك مبلغ الرهن في الموعد المحدد في اعلان ستجرى المزايدة العلنية للعقار اعلاه وفق الاصول.
الحقوقي/ عمر ابراهيم احمد
مديرية التسجيل العقاري في سميل
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ١٠٨٥/ب١/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ سەربەست احمد محمد
داواکار بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای داون تاون داوای ژمارە ١٠٨٥/ب١/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی سەروەران بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆی ڕۆژانە، بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
* * *
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە/ ٣١٣/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٣
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا اتکوتز شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە.
داواکار/ علی صابر علی داوای ژمارە/ ٣١٣/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردبوو تێیدا داوای طلب الاذن دەکات ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٣ بڕیاری کۆتایی بە پاشملە دەرکردووە بە پابەندکردنت بە دانی ئەو بڕە پارەی کە داواکار داوای کردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری کۆمەڵگای ئازادی نوی بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بە بڕیارەکە بۆ دەربچێت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەی یاساییدا نارازیبوونی خۆت یان تێهەلچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە/ ٣٠٦/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٣
جاڕدان
ئاماژە بەڕیاری دادگای بەرایی عەنکاوە ژمارە ٣٠٦/ب/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٥ بۆ نەهێشتنی هاوبەشی ازالە شیوع مولکی ژمارە ٣٢٩ك٦٠ هیران کە تۆمارکراوە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی شقلاوە بەناوی وەزارەتی دارایی و مافی خاوەن ڕەفتار بەرژوەندی چاکسازی کشتوکالی لە کۆی گشتی ٤٣٢ بەش بری ٤١٩ بەش بۆ ب داواکار عثمان صالح عثمان و بری ١٣ بۆ داوالێکراو هاوار کریم صالح کە دەکەوێتە ناحیەی هیران کە زانیاری تەواوی لە خوارەوە خراوەتەروو بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە کە بەبری ٢٣١٦٦٥٠٠٠ دوو سەدو سی و یەك ملیۆن و شەش سەدو شەست و پێنج هەزار دینار خەملێنراوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە. جا هەر کەسێك نیازی کرینی با سەردانی دادگای بەرایی عنکاوە بکات، بارمتەی یاسایی تامینات القانونیە لەگەڵ خۆی بهێنێت بەرێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندن ٢٣١٦٦٥٠٠٠ دوو سەدو سی و یەك ملیۆن و شەش سەدو شەست و پێنج هەزار دینار خەملێنراوە دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە دادگا الاحالە القطعیەی دەکات بەپێی یاسا، ئەگەر ڕۆژی احالە کەوتە پشووی فەرمی ڕۆژی دواتر کە دەوامی فەرمی هەیە دەبێتە ڕۆژی دیاری کراو بۆ فرۆشتنی ئاشکرا، بۆ زیاتر زانیاری فرۆشتنی ئاشکرا لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات و هەر زیادکردنێت پاش ٥ خولەك کۆتایی دێت.
داواکار/ عثمان صالح عثمان
داوالێکراو/ هاوار کریم صالح
شوێنی مولك/ ناحیە هیران
ژمارەی مولك/ ٣٢٩ك٦٠ هیران
پێکهاتووەکان/ ژمارەیەك دار هەنار و هۆلێك بەرووبەری ٣٠٠م٢ دوکانێك بەرووبەری ١٥م٢ لەسەری دروست کراوە
ڕووبەر/ ١ دۆنم و ٢١ اولك و ٢٥ م٢
جۆری مولکەکە/ مولکی دەولەت خاوەنی ڕەفتار دەگەڕێتەوە بۆ داواکار و داوالێکراو
نرخی خەملێندراو/ ٢٣١٦٦٥٠٠٠ دوو سەدو سی و یەك ملیۆن و شەش سەدو شەست و پێنج هەزار دینار
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای باری کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٦٠/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفتی/ ٢٠٢٠/٩/٢٢
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری
بۆ داوالێکری امین یعقوب امین
ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٩/١٧ێ د کێشا ل سەری دیار کری دا ئەوا هاتیە تومارکردن ژ لایێ داواکار ایمان یونس احمد بریاردا ب اجرە حضانە و النفقە الماضیە والمستمرە لطفلیها (جود) داناڤبەرا تە و هەڤژینا تە یا دااواکار دا و تە مافێ نەزاریبوونێ یێ هەی د ماوێ دەه ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجە ئینان.
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگای باری کەسیتی سلێمانی/٤
ژمارە: ٩٠١/ش/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٢١
ئاگانامە
داواکار: الوند طە احمد
داوا لەسەر کراو/ نورالدین محی الدین واحد
بۆ/ داوا لەسەر کراو
داواکار الوند طە احمد داوایەکی بە ژمارە ٩٠١/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە داوای گەڕانەوەی هێزی جێبەجێ کردن دەکات بۆ بڕیاری ژمارە ٣٩١/ش/١٩٩٥ دەرچوو لەم دادگایە لە ١٩٩٥/٤/١٥ دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار. دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە و ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠٢٠/١٠/٥ سەعات ١٠:٤٥ی سەر لە بەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە نائامادەیی – غیابی داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامران رسول سعید

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (سنوری جافایەتی) بۆ ئالوگۆری دراو/ سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (سنوری جافایەتی) بۆ كۆمپانیای (بنتوان)، بۆیە هەر كەسێك نارەزایی یان مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (جیهان موتورز) بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (جیهان موتورز بو بازرگانی ئۆتۆمبێل) بۆ كۆمپانیای (جیهان بو بازرگانی ئۆتۆمبێل)، بۆیە هەر كەسێك نارەزایی یان مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر

محكمة المواد الشخصية في سنجار
الموقع البديل في فايده
العدد/٢٠٢٠/٢٤٢٨
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٧
اعلان
الى المدعو : عبدالكريم ابراهيم خلف
للطلب المقدم من قبل المستدعيه (بشرى عبدالكريم ابراهيم) المتضمن نصبه قيما عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحاضر قررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام هذه المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / خالد هويدي وكاع
***
محكمة تحقيق سنجار
اعلان
الى المفقودين ١- مروان سليمان علي ٢- اسعد سليمان علي ٣- اياد سليمان علي
قدم السيد / داود سليمان علي طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / رياض فتحي خليل
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : خيري خدر خديده
قدم السيد / تحسين خدر خديده طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / سعد صالح حمادي
***
محكمة تحقيق سنجار
العدد/٢٠٢٠/٢٤٢٧
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٧
اعلان عن مفقود
الى المدعو (مجو يوسف مرزا) بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة
القاضي / خالد هويدى وكاع
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٤٤١/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/ ٢٠٢٠/٩/٢٧
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (نزار احمد عبدالرحمن) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠٢٠/٩/٢٧ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (هناء محی الدین عمر) بریاردا ب (تفریق للهجر) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/١٦٥٢/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠٢٠/١/٩
راگەهاندن
بۆ/داوالێکری (هندرین محمد امین) جهێ ئاکنجیێ وی نەدیارە ڤێ دادگەهێ ددانایا ژمارە ١٦٥٢/ب/٢٠١٩ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٢/١٨ بریاردایە دانا تە بۆ داواکارێ (فنر سالم مصطفی) کوژمێ پارە (٨٥٢٠٠٠٠) هشت ملیون وپێنج سەد وبیست هەزار دینار دگەل مەزاختنێن داوایێ وماندی بونی پارێزەر یا بریکاری داواکاری پارێزەرین (شڤان تحسین عبدالله ونظمی خالد حسین ورعد یاسین صالح) کوژمی پارە (٨٥٢٠٠٠) هەشت سەد وپێنجی ودوو هەزار دینار بیتە بەلاڤکرن ناڤبەرا وان وەك یەك وژیەر جهێ ناکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نفیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا داودەری ل دهوك یا ژمارە (١٤) ل رێکەفتی ٢٠٢٠/١/٧ وڤەژارا هەلبژارتیێ تاخن دابین ١ ل رێکەفتی ٢٠٢٠/١/٦ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریارا ناڤبری ڤێ دادگەهێ بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبوونی وتێهەلچوونی وپێداچوونی هەیە دماوی یاسایی دا بەروڤاژی دی بریار پلا ڤەبر وەرگریت ل دیف یاسایی.
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
***
دادگای تاوانەکان/١
ژمارە/ ١٥٣١/ت/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٥
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو سربست بایز عباس
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٤٣٠ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سرچنار وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیارینکراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر سعید محمود
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرك
بەرێوەبەرایەتی گومرکی هەولێر

کارگێری
ژمارە/ ٨٦٤٨/٢/٢
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٧
ئاگاداری
ب/ بەکرێدان
ئامازە بە نووسراوی ب.گ.گومرك/ کارگێری و خۆیەتی ژمارە ٦٦٧٩ لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٣ بەرێوەبەرایەتیەکەمان هەلدەستێت بە بەکرێدانی فروشگا+کافتریای فەرمانبەران لەناو گۆرەپانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا المزایدة العلنیە بۆ ئەوانەی ئارەزووی بەشداربوونیان هەیە لە ماوەی ٣٠ سی رۆژ لە دوای رێکەوتی بلاوکردنەوە لە رۆژنامە سەردانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بکەن بەم مەرجانەی خوارەوە.
١- بارمتە تامینات بهێنێت بەبری ١٠٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن دینار بەمەبەستی بەشداری کردن.
٢- ماوەی گرێبەست یەك ساڵە
٣- کرێی بلاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی بەکرێگرتە
٤- هەمان رۆژ گرێبەستی لەگەل دەکرێت.
برهان کریم شریف/ جێگری
بەرێوەبەری گومرکی هەولێر
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٩١٥/ب/٢٠٢٠/١
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٣
جاردان
بۆ داوالێکراو/ Russell edward
داواکار خەندە نجم الدین محمد داوای ژمارە ٩١٥/ب/٢٠٢٠/١ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری گوندی ئینگلیزی /ب لە ٢٠٢٠/٧/٢٢ بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بە ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢١ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٧٣/ك/٢٠١٧/٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ دلیر مولود قادر
ئاگادارکردنەوەی (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/١٧٣/ك/٢٠١٧/٣ لەسەرتان بەزیندانی کردنی (الحبس) بۆماوەی (٦) (شەش مانگ) بەپێی مادەی (٤٤٦) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی ئاگاداریەکە دەدرێت..بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. مافی تانووت لێدانتان هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/١٩/پاسپۆرت/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠٢٠/٩/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: کارزان خورشید جبار
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٩/پاسپۆرت/٢٠١٩ لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٥ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەپێی مادەی ١٥/چوارەم لەیاسای (پاسپۆرت) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن لە رێگای ئاگادارکردنەوەی رێساکان.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/٦٨١/ك/٢٠٢٠/٤
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ خیرالله احمد صالح
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە ٢٠٢٠/١١/١٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسایی (سزادان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ئومید محسن حمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/٦٨٣/ك/٢٠٢٠/٤
دادگاکردنی سزا دادگا بریاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٧ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی (١٠) لە یاسای (پاسپۆرت) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساکان.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/٦٨١/ك/٢٠٢٠/٤
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ خیرالله احمد صالح
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە ٢٠٢٠/١١/١٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٦) لە یاسایی (سزادان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ئومید محسن حمدامین
***
سەروکاتی یا باژێرڤانی یا ئیبراهیم خەلیل
کارگێری و خۆیەتی
ژمارە: ٣٠٢/٣/٣ / ٣٧٥
رێکەوت:٢٠٢٠/٩/٢٧
بو بەریز/ ولید واحد عمر
هۆشداری
لدویف دەستهەلاتێن مە هەین مە بریاردا هۆشداریەکێ بدەین تە ژ بەرکو ماوی مولەتا یا ٥ سالا ب دوماهیك هاتیە و تە دەست بکاری خو نەکریە ژ بەر ڤێ چەندێ ئەم تە ئاگەهدار دکەین کو تو بزیترین دەم دەست بکاری خو یێ فەرمی بکی ئەگەر دێ پێرابونێن یاسایی دژی تە هێنە وەرگرتن.
مافیەروەر/ نیهاد سلیم احمێ
سەروکێ باژێرڤانی یا ئیبراهیم خەلیل

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سرور نزار خزعلی
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە ٢٠٢٠/١١/٣٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٣٧٧) لە یاسایی (سزادان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ئومید محسن حمدامین
***
سەروکاتی یا باژێرڤانی یا ئیبراهیم خەلیل
کارگێری و خۆیەتی
ژمارە: ٣٠٢/٣/٣ / ٣٧٥
رێکەوت:٢٠٢٠/٩/٢٧
بو بەریز/ ولید واحد عمر
هۆشداری
لدویف دەستهەلاتێن مە هەین مە بریاردا هۆشداریەکێ بدەین تە ژ بەرکو ماوی مولەتا یا ٥ سالا ب دوماهیك هاتیە و تە دەست بکاری خو نەکریە ژ بەر ڤێ چەندێ ئەم تە ئاگەهدار دکەین کو تو بزیترین دەم دەست بکاری خو یێ فەرمی بکی ئەگەر دێ پێرابونێن یاسایی دژی تە هێنە وەرگرتن.
مافیەروەر/ نیهاد سلیم احمێ
سەروکێ باژێرڤانی یا ئیبراهیم خەلیل

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ڤیلان) بۆ (بەرهەم هێنان ودابەش کردنی هونەری وریکلام وبەخش وبازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانییێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانییێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / دلشاد علی طیب
ناڤ ونیشان / دهوك - K.R.O
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥١١٦٩٧٦٤٠

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٦٠٥
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٢
بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (M.J.N ئیم جی ئین) بۆ (بازرگانی گشتی و دابەشکردنی کەل و پەلی خۆراك/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (M.J.N ئیم جی ئین) بۆ (بازرگانی گشتی و دابەشکردنی کەل و پەلی خۆراك/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرید نجاة سلیم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری
ئاگەهداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (M.J.N ئیم جی ئین) بۆ (بازرگانی گشتی و دابەشکردنی کەل و پەلی خۆراك/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە بە لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – هەولێری نوێ)
پاکتاوکار/ فرید نجاة سلیم
ناونیشان/ هەولێر/ هەولێری نوێ
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٥٨٥٧٨

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٣٧٢١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ALTUN MUTFAK) بۆ (نادین و موبیلیات/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ALTUN MUTFAK) بۆ (نادین و موبیلیات/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرید نجاة سلیم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری
ئاگەهداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ALTUN MUTFAK) بۆ (نادین و موبیلیات/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ فرید نجاة سلیم
ناونیشان/ هەولێر/ هەولێری نوێ
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٥٨٥٧٨

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٢٥٦٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (بغداد)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (الصیاد للمنتوجات الغذائیة/ محدودة المسوولیة) لە بغداد بە هەردوو کۆنووسی کۆبوونەوە لە رێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٥) و (٢٠١٩/١٢/٤) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لە ژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرید نجاة سلیم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری
ئاگەهداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ALTUN MUTFAK) بۆ (نادین و موبیلیات/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر – جووت سایدی بەختیاری – تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر





کێ خاتوو لیدی وینسلی کوشتووە؟



حەیدەر عەبدولڕەحمان

سینەماکار(هونەر سەلیم) بانگهێشتی نمایشێکی تایبەتی بۆ کۆمەڵێ لە سینەماکاران و راگەیاندن کاران کرد و فیلمی(کێ خاتوو وینسلی کوشتووە)ی لەسینەمای فاملی مۆل ــ نمیش کرد، ئەم فیلمە دوا بەرهەمی هونەر سەلیمە، دوای فیلمەکانی (قۆدگا لیمۆن) و (کیلۆ مەتر سفر) و (بیبەری شیرین)، فیلمەکە بەرهەمهێنانێکی هاوبەشی فرەنسی، بەلجیکی- تورکیە و باس لەکوشتنی رۆمان نووسێکی ناوداری ئەمریکی دەکات بەناوی (لیدی وینسلی) لە دورگەیەکی گچکەلانەی وڵاتی تورکیاو ئەمریکا پشکێنەرێکی تایبەتی خۆی بەناوی (فێرگون) دەنێرێتە ئەستەنبول بۆ سەرۆکایەتی کردنی پشکنین لەو تاوانە، بەهاوکاری کردنی چەند کەسانێکی نهێنی پارێز لەو ناوچەیەدا کە کەوتونەتە ژێر باڵی کۆمەڵێ داب و نەریتی کۆن .

فیلمەکە ماوەکەی کاژێرێك و ٤٠ خولەکە، فیلمێکی پۆلیسی - کۆمێدی یە لەنووسینی (محەمەد کورتولش و هونەر سەلیم)ە.

کۆمەڵێ ئەکتەری تورك بەشداری لەنواندندا دەکەن، لەوانە: محەمەد کورتولش، ئیزجی مولا، سینای غورلیر، لەیلا جورمین و زۆری تریش .

فیلمێکی تورکی دوور لەسینەمای کوردی :

فیلمەکە ناوەرۆکێکی لاوازی هەیە، ئاماجێکی ئەوتۆ بەخۆیەوە هەڵنەگرێ کە شایەنی باس بێت، دەرهێنەر لەچوارچیوەیەکی ئێجگار تەسکدا لەدیمەنەکانی دواییدا ویستوپەتی ویستوپەتی ناوی کورد بێنێت، بەڵام بەلاوازی و بێ هەڵگرتنی هیچ مەسیجێك، بەو ئامانجەی خۆی لەگەلەیی کورد بپارێزێ ئەگەر لێی بپرسن ئەو فیلمە چ پەیوەست بوونێکی بەکوردەوە هەیە ؟

جگە لەوەش فیلمەکە دیالۆگەکانی تورکیە، ژێر نووسەکەشی بەئینگلیزییە، بینەری کورد خراوەتە دەرەوەی بازنە، نە توانیویانە بەزمانی فیلمەکە نە لەژێر نووسەکەشی شتێ تێ بگەن، کەواتە ئەگەر فیلمێك ناوەرۆکەکەی هاوشێوەی پەرستگا کۆنە گریکییەکان. جدیون لەگەڵ خێزانەکەی و هەندێك کۆیلەی دیکە، لە کوخێك دەژیا، تەنانەت تا دوای ئەو کاتەی باجی بەسەر کەڵەکە دەبێت و کێڵگەکە فەرامۆش دەکات لە کاتی جەنگ سەربازەکانی باشوور سێ جار هێرشیان کردە سەر فیلمەکەدا بەشداری پێ نەکردووە، لەکاتێکا تێکڕای ئەکتەرەکانی تورکن. ئەم خۆ دووڕە پەرێز راگرتنەی هونەر سەلیم بۆ هەڵگرتنی مۆرکی کوردی لەفیلمەکەدا تەنیا بە ئامانجی رازی کردنی بەرهەمهێنەرەکانیەتی، بۆیە بینەری کورد مافی خۆیەتی وەك فیلمێکی بیانی سەیری فیلمەکە بکات .

ئەم ئاراستەیە تەواو پێچەوانەی ئەو گەنجە سینەماکارە کوردانەی ئەمریکاو ئەوروپایە کە ناوەرۆکی فیلمەکانیان تەژی دەکەن لەوپرسانەی پەیوەستن بەمێژوو کارەسات و لاروودواوەکانی کورد، کە لەئەنجامی ئەو پەیامە پیرۆزانەیان لەزۆرترین فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا رێزیان لێ دەگیرێت و خەڵات دەکرێن .

ئێمەی کورد هەمیشە چاومان لەوەیە سینەمای کوردی لەلایەن سینەماکاری خاوەن ئەزموونی وەك هونەر سەلیم و هاوشانەکانی، بین بەپێشەنگ بۆ تەکاندان بە سینەمای کوردی و ناساندن و پەیدا کردنی ناسنامەیەك، ناکرێت هەموو ئامانجێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بکەین بە قوربانی پرسێکی بازرگانی.

ستایل :

هونەر سەلیم هەمیشە ستایلێکی نا سەقامگیری هەیەو لەهەر فیلمێکدا ستایلێکی هەیە، بۆیە ئاستی تەکنیکی ئەو ستایلانە لە فیلمێك لەگەڵ ئەوی تردا جیاوازە، لەو فیلمەدا (کێ خاتوو وینسلی کوشتووە) تەواو گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، لەبەر ئەوەی ستافی فیلمەکە ستافێکی پرۆفیشنالی تورکن، تەکنیکێکی دیارو بەرچاویان هەیە لەسیناریۆ، وێنەگرتن، دەنگ، کارتێکەرە دەنگییەکان، بینەر بەئاسانی ئاوێزانی فیلمەکەو روداوەکانی دەبێت، هەروا ئەتمۆسفیرو لوکێشنی فیلمەکە، لەدورگەیەکدا، کەتێیدا دەریاو کەشتی و کەشو هەواییێکی تایبەت بەرووداوەکان دەگرێتە خۆی سیمای فیلمەکەی کاریگەر کردووە، بۆیە شوێن لە فیلمەکەدا زۆر یاریدەدەر بووە لەرووی ستاتیکاوە .

وروژاندن و سێکس :

بۆ وروژاندنی بینەرو درێژ کردنەوەی رووداوەکان و پڕ کردنەوەی بۆشاییەکان، دەرهێنەر زۆرێك لەدیمەنەکانی بەپرسی وروژاندن و دیمەنی سێکسی پڕ کردۆتەوە، ئەم پرسەش ئەزموونێکی تازەیە بۆ دەرهێنەر، بەڵام بینەر هەست بەهیچ ناوازەییەك ناکات لەمۆنتاژو توانەوەی ئەو دیمەنانە لە گەڵ ناوەرۆکی رووداوەکان، لەهەمان کاتیشدا دیمەنی هەڵچوون کەبینەر وا هەست بکات، دەرهێنەر بەزۆر ئەو دیمەنانەی لەناواخنی فیلمەکەی پەستیووە بۆ ئامانجێکی دیاری کراو.

دەرهێنەر بەشێکی زۆری فیلمەکەی بەرگێکی کۆمێدی سووکی لە بەر کردووە، بەتایبەت لە دایەلۆگەکان و چەندئەشکێنکی کۆمێدی ئەکتەرەکان، ئەمەشیان هەمدیسان بۆ هونەر سەلیم فۆرمێکی تازە بوو، کۆمێدیاکە کەمێك بینەری لەکەشو هەوای گرژ دوور خستبۆوە، لەپاڵ ئەو هەندێ لەو ئەکتەرانەی بەهەل زانیووە بۆ خۆ لێدان لەو ئەزموونە نوێیەو تێپەڕاندنی فۆرمە تەقلیدیەکانی، بەڵام دیسان هەر لەمۆنتاژدا نەیتوانیووە هاوسەنگی رابگرێت .

رۆمانسیەت :

دوای هاتنی پشکێنەر بۆ ئەستەنبۆل و ئاشنا بوون بە هاوکارە سیخوڕەکانی، بەشێکی دیکەی فیلمەکەی تێر کردووە لەرۆمانسیەتێکی هێمن کە چێژێك لە راستگۆیی و ستاتیکای ئەو پەیوەندییە رۆمانسیانەی نێوان پشکێنەرو هاوڕێکەی وەرگیرێت، بە تایبەت لە دوا دیمەندا کاتێ پشکێنەر دوای ئاشکرا بوونی تاوانبارەکە و تەواو بوونی ئەرکەکەی دەیەوێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی، لەبەردەم کەشتییەکە و لەنێوان کۆمەڵێ لەموسافیرەکان، بیر لەخۆشەویستەکەی دەکاتەوە، قاچەکانی رێ ناکاو دەوەستێ، بۆیە دەگەڕێتەوە ئامێزی و جارێکی دیکە پێك دەگەنەوە.

کۆمێدیا:

دەرهێنەر بەشێکی زۆری فیلمەکەی بەرگێکی کۆمێدی سووکی لە بەر کردووە، بەتایبەت لە دایەلۆگەکان و چەندئەشکێنکی کۆمێدی ئەکتەرەکان، ئەمەشیان هەمدیسان بۆ هونەر سەلیم فۆرمێکی تازە بوو، کۆمێدیاکە کەمێك بینەری لەکەشو هەوای گرژ دوور خستبۆوە، لەپاڵ ئەو رۆمانسیەت و لایەنە وروژاندنە سێکسیانەی هەبوون، کەشو هەواییێکی سازگاریان بۆ فیلمەکە ڕەخساندبوو.

ئەکتەر:


پاڵەوانی فیلمەکە (ئیزجی مولای) ئەکتەرێکی ناسراوی تورکیایە، ساڵی ١٩٨٣ لە ئەستەنبۆل لەدایك بووە، لەئەکادیمیای ئەستەنبۆڵ خوێندویەتی، بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٩٨ لە فیلمێکدا بەناوی سێوی رزیو بەشداری کردووە، جگە لەسینەما چەندین کاری تری شانۆیی هەیە، لە ماوەیەکی کورتدا بۆتە خاوەنی ناوداریەتیەکی زۆر لەتورکیا .

محەمەد کورتولش: ئەکتەرو بەرهەمهێنەری فیلمە. ساڵی ١٩٧٢ لە شاری ئۆتشاکی تورکیا لە دایك بووە، خوێندنی سینەماو شانۆی لەئەڵمانیا تەواو کردووە، چەند کارێکی کۆمێدی شانۆیی لە ئەڵمانیا ئەنجام داوە، لەتەمەنی خۆیدا لە ٢١ فیلمی سینەماییدا بەشداری کردووە. بەگشتی فیلمەکە بۆ هونەر سەلیم ئەزموونێکی نوێ بوو لەرووی تەکنیك و فۆرم دا، بەڵام لە رووی ناوەرۆکەوە، بینەر بەفیلمێکی بیانی دەزانێت بەهۆی دوورە پەرێزی لەسیما و خەسڵەتەکانی فیلمی کوردی، بەهیوا بووین ئەو توانست و دەسەڵاتە هونەرییەی لەو فیلمەدا بەرجەستە کرا، بۆ فیلمێکی کوردی بوایە .

رۆمانی ڕێگای ئازادی

خوێندنەوەی: کەریم سماوی
وە: ئاکۆ عەبدوڵڵا

رۆمانی ڕێگای ئازادی شاکارێکی ئەدەبییە لە ناویدا ئازارەکانی مرۆڤی ڕەشپێست لەپێناو یەکسانی مرۆڤدا دەبینرێت. ئەو رۆمانە لەلایەن هوارد فاستی نوسەری ئەمەریکی نوسراوە. نابراو تا دوا رۆژی ژیانی داکۆکی لەوە دەکرد، ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمەی، لەراستییەوە نزیکەوە، لە هەزارەها شوێنی جیاواز دووبارە دەبێتەوە بۆ دارشتنشی سەرچاوەی جۆراوجۆری بەسەرکردۆتەوە.



کاتێك جەنگی ناوخۆی ئەمەریکا بەکۆتا گەیشت چوار ملیۆن مرۆڤی زنجی لە کۆیلایەتی رزگاریان بوو، دوای ئەوەی لەنێوان ساڵانی ١٨٦١-١٨٦٥ جەنگێکی دژوارلەو وڵاتە رووید ا کە تێیدا سەدەها هەزار جەنگاوەری ڕەشپێست لەگەڵ ئەو سپی پێستانەی هاوباوەڕ بوون بۆ ئازادیی مرۆڤ، بەشداریان کرد. لەناویشیاندا جدیۆن جاکسۆنی پاڵەوانی ئەو رۆمانە هەبوو. ناوبراو لەگەڵ راشیلی هاوسەر و کوڕەکانی جیف و ماکۆس و جینی کچە بچووکەکەی، لە کێڵگەیەکی کارۆیلی گەورەی کارۆلینا دەژیا. کێڵگەکە لە ناوەڕاستیدا خانوویەکی گەورەی چوار نهۆمی هەبوو حەوشە فراوانەکەی پڕ بوو لە کۆمەڵگەی هاوشێوەی پەرستگا کۆنە گریکییەکان. جدیون لەگەڵ خێزانەکەی و هەندێك کۆیلەی دیکە، لە کوخێك دەژیا، تەنانەت تا دوای ئەو کاتەی باجی بەسەر کەڵەکە دەبێت و کێڵگەکە فەرامۆش دەکات لە کاتی جەنگ سەربازەکانی باشوور سێ جار هێرشیان کردە سەر کێڵگەکە. بەوەش هەموو شتێك وێران بوو کە بۆ هەموو لایەکیش دەرکەوت جەنگ بۆ رزگاربوونی کۆیلەیە، ڕەشپێستەکان چوونە شار و دەنگدانیان بە پێویست دانا. جدیون کە هێشتا شوێنەواری سەد قامچی لەسەر پشتی دیاربوو، لە یاخی بوون بەردەوام دەبێت دوای تێکۆشانێکی درێژ، لە کۆنگریس دەبێتە ئەندام و دواتریش هاوڕێی سەرۆکی وڵات. دوای ئەوەی ئاشنای چەند کەسێکی ناو دەسەڵاتیش دەبێت، دەرك بەوە دەکات خەڵکانێك ئەمەریکایان خۆش دەوێت و کار بۆ دواڕۆژی رونا کی دەکەن، کەچی کەسانێکی دیکە لەناوەوە پیلان لە دژی دەگێڕن، پیلانەکان گەیشتوونەتە بەرزترین ئاست، لەگەڵ ئەوەشدا جدیون گرنگی درێژەدان بە تێکۆشانی خۆی بەپێویست دەزانێت هەرچەندە زۆریش دەترسێت.

دواتر خوێنەر بۆی دەردەکەوێت، دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ، بەهۆی موچە زۆرەکەی، ژیانی جدیون و خێزانەکەی دەکەوێتە خۆشی، منداڵەکانی گەورەبوون و جیف بۆتە پزیشك و لەدەرەوە دەخوێنێ، ئەوانی دیکەش شانازی پێوەدەکەن.

دواتر لەکاتی راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر، کێشەی زەوی سەرهەڵدەدات، زنجییەکان بە یارمەتی هەندێك مرۆڤی سپی پیست توانییان زەوی بکڕن. ئەو کارەش بە دڵی سپی پێستە رەگەز پەرستەکان نابێت، ئەوان پیلانی ئەوەیان دادەنا، دژایەتی ڕەش پێستەکان بکەن، لەهەر شوێنێك بن گەفیان لێ بکەن، دواتر چەندان ئەفسەرانی چەتە بەناوی «کلۆکلوکس کلان» دادەمەزرێنن، کە ئەوانە لەلایەن ئەفسەرانی پێشووی سوپا سەرکردایەتی دەکران، بەرگێکی سپی وەهاشیان دەپۆشی کە هەموو جەستەیان دابگرێت تەنیا چاویان نەبێت، ئەوانە وەك تارمایی دەردەکەوتن و دروشمی خاچی گرگرتوویان بەرزدەکردەوە، لە شاڵاوەکانیان مرۆڤی زنجییان دەکوشت دواتر خوێنەر هەست بەوە دەکات تا دێت رووداوەکانی ناو ئەو رۆمانە فراوانتر دەبێت، چەتەکانی کلان نەك تەنیا زیانیان بە ڕەش پێستەکان دەگەیاند، بەڵکو ڕووبەڕووی ئەو مرۆڤە سپی پێستانەش دەبوونەوە کە هاوسۆزی ڕەش پێستەکانن. هەوڵی جدیون لەگەڵ سەرۆکی وڵات بێ سوود بوو کە ئەویان چەند رۆژێکی کەمی لە دەسەڵاتدا مابوو هەرچەندە دۆستایەتییان خۆش بوو لە پێناو باشکردنی بارەکە و پاراستنی باشوور و هێشتنەوەی هێزەکانی یەکێتی لە ناوچەکە.


دوای ئەوەی کلانەکان شاڵاوی زۆریان کردە سەر کوخەکانی دەوروبەری کێڵگەکە، توانییان گەمارۆی بدەن و چەندان ڕەش پێست و سپی پێستی یارمەتیدەریان بکوژن لە پێناو بەرگریکردن خەڵکی لە کوخە سوتاوەکان بەرەو ماڵە گەورەی ناو کێڵگەکە رایانکرد و خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوە ئامادەکرد، لە هەوڵی هاتنی یارمەتی حکوومەت بێ هیوا بوون، چونکە سپی پێستەکان ڕێگای گەیشتنی بروسکەی فریاکەوتنیان گرت، ئەوسا زنجییەکان بڕیان دەرکەوت، ئازادی شتێکە بە ئاسانی وەرناگیرێت، دواتر تا دەهات دەستەی ئەو چەتانە گەمارۆی ماڵە گەورەکەیان دا، زیاتر بوون، لە هەموو لایەك پیاو و ژن و منداڵیان دەکوشت، تەنانەت جیفی پزیشکیان زۆربێ ڕەحمانە کوشت، لەکاتێکدا یەك لە چەتە زامدارەکانی تیمار دەکرد، ئەو هەموو کوشتار و لەناو بردنە لەپێناو بەرقەرارکردنی یاسای کلان بوو.

سەرچاوە: www.albayan.ae



نووسەر لەچەند دێڕێکدا:

هوارد فاست ١٩١٤-٢٠٠٣ لە نیویۆرك هاتە دونیا، نزیکەی ١٠٠ بەرهەمی ئەدەبی و سینەمایی پێشکەش کردووە، کە لەناویاندا چەندان رۆمان و سیناریۆ و دەقی سینەمایی هەیە لە ساڵانی نێوان ١٩٦٠-١٩٧٣ کۆمەڵێك رۆمانی بڵاوکردەوە کە ناونیشانەکانیان، ناوی کچانەیە، لەوانە (سیلڤیا، ڤیلیس، ئەلیس، لیدیا، شێرلی، بیۆلۆبی، هیلین، ماریا، سالی، سامانسا، سینشا، میلیە)، بەڵام رۆمانی سپارتاکۆس کە لەساڵی ١٩٥١ بڵاویکردەوە، ناودارترین بەرهەمیەتی، لەسەرتاسەری جیهان دەنگی داوە، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن ستانلی کۆپریکی دەرهێنەر، کرا بە فیلمێکی داستانی و کێرك دۆکلاس رۆڵی سەرەکی تێدا گێڕا.



بۆچی تایوان وڵات نییە؟



نی ڕووچی
کۆنسوڵی گشتی کۆماری چینی میللی لە هەولێر

بابەتی تایوان هەمیشە سەرنجی جیهانی ڕاکێشاوە و خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بە دڵنیایەوە دەربارەی ئەم بابەتەیان بیستووە. لەوپەڕی بپرسین، ئایا تایوان وڵاتێکی سەربەخۆیە؟ بۆچی تایوانی چین و خاکی سەرەکی چین زۆر لەمێژە لەیەک دابڕێندراون لە کاتێکدا هەمان دابونەریت و کەلتوور و زمانیان هەیە؟ چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان تایوان کە ناسراوە بە (کۆماری چین) و کۆماری چینی میللی کە لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی ناسراوە؟ ئایا هیچ بنەمایەکی مانادار و یاسایی بۆ سەربەخۆیی تایوان هەیە؟ سیاسەتی حکومەتی چینی بۆ چارەسەرکردنی بابەتی تایوان چییە؟ پێمخۆشە چەند بابەتێک ڕوون بکەمەوە لەڕێگای ئەم نوسراوە.

١-تایوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە چین:

دوورگەی تایوان، دەکەوێتە بەرامبەر کەناری باشووری ڕۆژئاوای خاکی سەرەکی چین، گەورەترین دوورگەی چینە و یەکەیەکی تەواو لەگەڵ چین پێکدەهێنێت. تایوان هەر لە دێر زەمانەوە سەر بە چین بووە. لە سەدەی سێیەمی زایینی، چەندین خێزانی دەسەڵاتداری یەک لە دوای یەک سوودیان لە دوورگەی تایوان بینیوە و ئەو هەلەیان قۆستوتەوە بۆ دامەزراندنی چەندین یەکەی ئیداری و دەسەڵاتی دادوەری چالاکیان لەو ناوچەیە هەبووە. لە ١٧٢٧،خێزانی دەسەڵاتداری چینگ (تایوان)ی کرد بە ناوی فەرمی دوورگەکە.

تایوان بە درێژایی مێژوو بەدەست چەندین هێرشی داگیرکاری نالاندوویەتی. چینیەکان لە هەردوو لای دەربەندی تایوان ململانێیەکی دوور و درێژ و بەردەوامیان هەبووە دژ بە داگیرکاری بیانیەکان. بۆ نموونە، لە ١٦٢٤ و ١٦٢٦ داگیرکەرە هۆڵندیەکان و ئیسپانیەکان تایوانیان داگیرکرد. لە ١٦٦١، پاڵەوانی نەتەوەیی چینی ژانەڕاڵ ژێنگ چینگگۆنگ ڕابەرایەتی گەشتێکی کرد بۆ تایوان و هەموو داگیرکەرەکانی لە چەند ساڵی دوایدا دەرکرد. یابان لە ساڵی ١٨٩٤ جەنگێکی تووندوتیژی داگیرساند و خێزانی دەسەڵاتداری چینگی ڕوخاند و زۆری لێکردن بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی شیمۆنۆسکی، و دەستبەرداربوون و پێدانی تایوان بە یابان، بەڵام هاونیشتیمانانی تایوان هەرگیز دەستبەرداری هەوڵەکانیان نەبوون لە ماوەی داگیرکردنی یابانیەکان. لە ساڵی ١٩٣٧، گەلی چینی خۆی خستە نێو جەنگی بەرەنگاری دژ بە داگیرکارانی یابانی. لە ڕاگەیاندنی جەنگ دژ بە یابان، حکومەتی چینی لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە هەرچی پەیاننامە و بەڵێننامە و ڕێککەوتننامە هەیە لەگەڵ یابان هەڵوەشێندرایەوە و لە نێوانیان پەیاننامەی شیمۆنۆسکی. ڕاگەیاندراوەکە جەختی لەوەش کردەوە کە چین هەر یەک لە تایوان، پەنهو و چوار هەرێمەکەی باکووری ڕۆژهەڵات بەدەست دەهێنێتەوە. لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهان، چین، وێلایەتە یەکگرتووەکان، یەکێتی سۆڤیێتی، بەریتانیا، فەرەنسا و چەندین وڵاتی تر هاوپەیانیەکیان پێکهێنا دژ بە دەسەڵاتی فاشیزم. دەقی ڕاگەیاندراوی کایرۆ لەلایەن چین، و وێلایەتە یەکگرتووەکان، و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٣ بریتی بوو لە (هەر زەوییەک کە لەلایەن یابانەوە دزرابوو لە چین وەک مەنشوریا، فۆرمۆسا یاخود تایوان، پێسکادۆریس یاخود پەنهو دەبێت بگەڕێندرێتەوە بۆ چین). دوای جەنگێکی ماندووکەر دژ بە داگیرکەرانی یابانی، گەلی چینی سەرکەوتنی کۆتایی بەدەستهێنا و لە ساڵی ١٩٤٥ هەرێمی تایوانی گەڕاندەوە بۆ چین. ئەمە ڕاستی مێژووی استیغلالکردنی تایوان بوو وەکو زۆر بەشی تری چین و جێگیرکردنی لەلایەن گەلی چینی لە کۆمەڵە نەتەوەی جیاواز. تەنانەت ئەگەر ئازاری بینیبێت بەدەست داگیرکەرانەوە، بەڵام زوو گەڕایەوە بۆ نیشتیمانی دایک. کۆمەڵگای تایوانی لە دابونەریت و کەلتووری چینی سەرچاوەی گرتووە و ئەمە تەنانەت لەو نیو سەدەیەش نەگۆڕاوە گەلەلایەن یابانەوە داگیرکرا. بەبێ هیچ گومانێک تایوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە چین.

٢-سەرچاوەی بابەتی تایوان و سیاسەتی حکومەتی چینی:

تایوان هەر لە دێر زەمانەوە بەشێک بووە لە چین و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە گەڕێندراوەتەوە بۆ چین، بۆیە هیچ گومانێک لە یاسا و مێژوو نییە. کەوایە بۆچی دووبارە بابەتی تایوان سەری هەڵدایەوە و بووە ئاشتیانە، بەڵام لە کاتی ناچاریدا دەکرێت پەنا ببات بۆ بەکارهێنانی هێز. ئامانجی ڕێکارە سەربازیەکان کەسە جوداخوازە ناوخۆییەکان و ئەو هێزە دەرەکیانەن کە دەست لە کاروباریان وەردەدەن، نەوەکو هاونیشتیمانیانی ئاسایی تایوان.

٣- بنەمای (یەک چین) هاوەدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە:

لە ١٩٧١، ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٦ مەین دانیشتنیدا پشتی بەست بە بڕیاری ژمارە ٢٧٥٨ کە هەموو مافە یاساییەکانی چینی لە نەتەوە یەکگرتووەکان گەڕاندەوە بۆ کۆماری چینی میللی و دەرکردنی نوێنەرانی دەسەڵاتی تایوان ناسراو بە کۆماری چین. لە ساڵی ١٩٧٩، چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان بە فەرمی پەیوەندی دیبلۆماسیان پێکهێنا. هەردوو لایەن سێ ڕاگەیەندراوی هاوبەشیان دەرکرد لە ساڵەکانی١٩٧٢ ، ١٩٧٨ و ١٩٨٢ بەم شێوەیەی خوارەوە: (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دان بە حکومەتی کۆماری چینی میللی دادەنێت وەکو تاکە حکومەتی یاسایی چین... هەروەها دان بە هەڵوێستی چین دادەنێت بەوەی کە تەنها یەک چین هەیە و تایوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە چین)، (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ورده ورده دەست دەکات بە کەمکردنەوەی فرۆشتنی چەک بە تایوان، بەمەش دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک ، بابەتەکە دەگەیەنێتە دەرئەنجام).تاوەکو ئێستا ١٨٠ وڵات پەیوەندی دیبلۆماسیان لەگەڵ کۆماری چینی میللی دامەزراندووە. هەموو ئەو وڵاتانە دانیان بەوە ناوە کە (تەنیا یەک چین لە جیهان هەیە، و حکومەتی کۆماری چینی میللی کە تاکە حکومەتی یاساییە نوێنەرایەتی تەواوی چین دەکات ، و تایوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە خاکی چین).تاوەکو ئێستا تەنها ١٥ وڵات پەیوەندی دیبلۆماسیان لەگەڵ تایوان یاخود (کۆماری چین) ماوە، و ئەم ژمارەیە ڕوو لە دابەزینە. لە ئەیلولی ٢٠١٩، چین و دوورگەی سلێمان بە فەرمی پەیوەندی دیبلۆماسیان دامەزراند. سەرۆک وەزیرانی دوورگەی سلێمان بەڕێز ماناسیە سوگاڤێری وتی : (دوورگەی سلێمان دان بە بنەمای یەک چین دادەنێت، وە پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ کۆماری چینی میللی بنیات دەنێت، و پاڵپشتی کردنی لایەنە ڕاستەکەی مێژوو هەڵدەبژێرێت کە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەڵیانبژاردووە). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە بنەمای (یەک چین) ئاراستەی سەرەکی جەنگی دووەمی جیهان، حکومەتی وێلایەتە یەکگرتووەکان هەڵستا بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دورخستنە و لەخۆگرتن دژ بە کۆماری چینی میللی تازە لەدایکبوو. جگە لەمەش، هەڵستا بە دەستتێوەردانێکی چەکداری لە پەیوەندیەکانی نێوان چین و تایوان لە کاتێکدا ئەم بابەتە کاروباری ناوخۆیی چین بوو و مافی دەست تێوەردانی نەبوو. ئەمەش بووە هۆی ڕووبەڕووبونەوەیەکی گرژانەی دوور و درێژ لە دوورگەی تایوان.

شایەنی باسە کە ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵ دوای ١٩٤٩، و هەرچەندە حیزبی نەتەوەیی چینی لە تایوان دانی بە دەسەڵاتی یاسایی کۆماری چینی میللی وەکو نوێنەری هەموو چین دانەنا، سووربوون لەسەر ئەوەی تایوان بەشێکە لە چین و چین یەکە و بەش بەش ناکرێت، و دژی (دوو دەوڵەتی چین) و (سەربەخۆیی تایوان) وەستانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە دێر زەمانەوە تێگەیشتن و هاوڕایی لە نێو هەموو چینیەکان هەبووە لە هەردوو لای دوورگەی تایوان لەسەر ئەو بابەتە گرینگە کە چین تەنها یەکە و تایوان بەشێکە لەو خاکە. لە ١٩٧٠ کانەوە حکومەتی چینی پەیڕەوی سیاسەتی دووبارە یەکخستنی ئاشتیانە و (یەک وڵات و دوو سیستەم)ی کردووە.

خاڵە گرینگەکانی ئەم بنەمایە بریتین لە :

-یەک چین:
تەنها یەک چین لە جیهاندا هەیە، و تایوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە چین. ئەمە مەرجی سەرەکیە بۆ یەکلایکردنەوەی بابەتی تایوان بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

-بەیەکەوەژیان لە نێوان دوو سیستەمدا:
لەسەر بنەمای یەک چین، دەکرێت هاوبەشیکردنی چین و سەرمایەداری تایوان بەیەکەوە گەشە بکەن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.

-پلەیەکی باڵا لە خۆبەڕێوەبەری:
بە واتای دووبارە یەکخستنەوە، تایوان دەبێت بە هەرێمێکی ئیداری تایبەت. لە هەموو هەرێم و ناوچەکانی تر جیادەکرێتەوە بە پێدانی پلەیەکی باڵای خۆبەڕێوەبەری. خۆی هەموو کاروبارەکانی حیزبی، سیاسی، سەربازی، ئابووری و دارایی بەڕێوە دەبات.

-دانوستانی ئاشتی:
خەڵکی هەردوو لای دوورگەکە چینین. حکومەتی چینی هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات بۆ دووبارە یەکخستنەوەیەکی هاوەدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، کە هەروەها بنەمایەکە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیە دیبلۆماسییەکانی نێوان چین و وڵاتانی تر. بابەتی تایوان پابەندە بە بەرژەوەندییە گرینگەکانی چین و تەنها و تەنها کاروباری ناوخۆیی چینە، کە ڕێگە بە هیچ دەستتێوەردانێکی دەرەکی نادات. هەر لە هەشتاکان و نەوەدەکان (١٩٨٠-١٩٩٠) هەردوو لای دوورگەی تایوان گەیشتن بە زنجیرەیەک کارلێکی باش و لە کۆتاییدا گەیشتن بە (هاوەدەنگی ١٩٩٢) کە دەڵێت: (هەردوو لای دوورگەکە پابەند دەبن بە بنەمای یەک چین و هەوڵدەدەن لە پێناو یەکخستنەوەی نەتەوەیی). بەڵام، چەند جوداخوازێکی ناوخۆیی لە تایوان چەند بیردۆزێکی جیاوازیان هێنایە کایەوە وەکو (دوو دەوڵەت) ،(دوو حکومەت)،(دانپێدانانی دووانە)،(دوو قەوارەی سیاسی یەکسان).

لەگەڵ چوونە نێو سەدەی ٢١، بە تایبەت دوای گەیشتنی حیزبی دیموکراسی پێشکەوتوخواز بە دەسەڵات، دەستیان کرد بە بانگێشتەی کراوە بۆ سەربەخۆیی تایوان، و هاندانی (دیبلۆماسی پراگماتیک) بۆ فراوانکردنی ناسراو بە (ناوچەی ژیانی نێودەوڵەتی). کڕۆکی ئەمە بریتییە لە دروستکردنی (دوو چین) یاخود (یەک چین، یەک تایوان). ئەم هەڵوێستە جوداخوازییە بێمانایە و پێچەوانەیە لەگەڵ ئارەزووی خەڵکی هەردوو لا بۆ یەکخستنەوەی چین و تایوان. گرینگ نییە بەرپرسانی حیزبی دیموکراسی پێشکەوتوخواز چ جۆرە یاری و فێڵێک دەکەن، ناتوانن ئەو ڕاستییە بگۆڕن کە تایوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە خاکی چین. (سەربەخۆیی تایوان واتا جەنگ، بە هیچ شێوەیەک ئاشتی بوونی نایێت ئەگەر جیابوونەوە هەبێت). ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی نەتەوەی چینی، گەلی چین هەرگیز دوودڵ نەبووە. بە درێژایی مێژوو، نەتەوەی چینی گەواهی گۆڕانی زۆر لە خانەواده دەسەڵاتدارەکان، گۆڕانی حکومەت، و ڕژێمە جوداخوازە ناوخۆییەکان، و داگیرکەرانی بیانی داوە. سەرەڕای ئەمەش، هەمیشە یەکگرتووی تاکە ئاڕاستەی گەشەسەندنی مێژووی چینی بووە. لە دوای هەموو جیاکارییەک، وڵاتەکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی یەکی گرتووەتەوە. دووبارە یەکگرتنەوەی چین ڕێگە بە هیچ هێزێکی دەرەکی نادات کە دەستێوەردان بکات، و هیچ شەپۆلێکی پێچەوانە ناتوانێت دووبارە یەکگرتنەوەی چین بوەستێنێت.

مانشێت

ئیندیپێندێنت:

ئەو گەنجە تەمەن 18 ساڵیە پاکستانیەی لەلایەن پۆلیسی فەرەنسا دەستگیر کرا ، دانی بە ئەنجامدانی هێرشەکەی دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەری پاریس دانا.



سکای نیوز:

لە باکوری لوبنان سوپای ئەو وڵاتە هەڵمەتێکی لە دژی شانەیەکی نوستووی سەر بە ڕێکخراوی داعش ئەنجام دا و چوار تیرۆریست کوژران.



یۆرۆ نیوز:

فرانک ڤالتەر شتانمایەری سەرۆکی ئەڵمانیا داوای کرد وڵاتەکەی توندتر ڕووبەڕووی ڕاستڕەوە تونددڕەوەکان بوەستێ و گورزی تونديان لێ بوەشێنێ.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

ئەرمینیا ڕایگەیاند جارێکی دیکە ئازەربایجان هێرشی کردۆتە سەر ناوچەیەکی سیڤیلی قەرەباغ و داواشی لە خەڵک کرد ڕوو بکەنە حەشارگەکان.



کەنالی ئار تی:

لە ناوەراستی شاری واترلۆی سەر بە وێلایەتی ئەیوای ئەمەریکا و لە ئەنجامی ڕووداوێکی تەقەکردندا کەسێک کوژرا و 11 ی دیکە بریندار بوون.




ڕۆیتەرز:

هەردووک لایەنی شەڕکەری یەمەن لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی نزیکەی هەزار دیلی نێوانیان ڕێک کەوتن.



پێشانگای (فروت لۆجیستیکا)ی نێودەوڵەتی لە مانگی شوبات دەکرێتەوە



وڵاتی ئەڵمانیا رایگەیاند، چالاکییەکانی پێشانگای نێودەوڵەتی (فروت لۆجیستیکا) بۆ بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە پایتەختی ئەڵمانیا بەرلین لە سەرەتای مانگی شوباتی 2021 بەڕێوەدەچێت بە بەشداری نزیکەی 136 وڵات، تێدا پێشکەوتوترین تەکنەلۆژیای قوتوبەندکردن و لە کیسەنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان نیشان دەدەرێت، جگە لە بەرهەمی ئەم وڵاتانە لە سەوزە و میوە کە بۆ زۆرێک لە وڵاتانە جیهان هەنارە دەکرێت. ئەم پێشانگایە بە باشترین و بە بەهێزترین کۆڕبەندی جیهانی هەژمار دەکرێت کە تێدا هەنارەکاران و هاوردەکارانی سەرتاسەری جیهان تێدا کۆدەبنەوە. ئەم پێشانگایە هاوکارە بۆ زیادکردنی قەبارەی هاناردەکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییە جیهانییەکان. لە هەمانکاتدا پێشکەوتووترین پێشکەوتنە تازەکان لەم پێشانگایە نمایش دەکرێت و ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی بازاڕ وگەیشتن بە بازاڕە جیهانییەکان.

هەنار و خورما ئەم سوودەیان هەیە

لێکۆڵینەوەیەکی تازە دەریدەخات، خواردنەوەی شەربەتی هەنار و چەند دانەیەک لە خورما چارەسەرێکی بەهێزە بۆ نەخۆشییەکانی دڵ. هەنار دەوڵەمەندە بەو دژە ئۆکسینەی کە ڕێگرە لە لەناوچوونی خانەکان، لە هەمانکاتدا خورما لە پێکهاتەکەیدا دژە ئۆکسینێك هەیە کە پێویستە بۆ لەناوبردنی کۆلیسترۆڵی زیان بەخشی نێو خوێن.

لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا، شارزایان بۆیان دەرکەوتووە شەربەتی هەنار و 3 دانە خورما ئەو تێکەڵەیە دەرمانێکی بەهێزە دژە جەڵتەی دڵ.

هەنار دەوڵەمەندە بە ڤیتامین A C, E , ، هەروەها دەوڵەمەندە بە ئاسن. ئەو کۆمەڵەیەش زۆر پێویستە بۆ وەرگرتنی بەرگری دژی زۆر لە نەخۆشییەکان وەك ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و پەستانی خوێن و کەم خوێنی. دەکرێت میوەی دیکە تێکەڵی ئەو گیراوەیە بکرێت بە تایبەتی پرتەقاڵ، ئەو کاتە گیراوەی (هەنار و خورما و پرتەقاڵ) گاریگەری زۆری دەبێت بۆ پێشگیری کردن بە جەڵتەی دڵ. خواردنی هەنار و خورما سیستەمی بەرگری بەهێز دەکات دژە نەخۆشییەکان بە تایبەتی ئەوانەی هۆکارەکەیان ڤایرۆسەکانە، لەگەڵ نەخۆشییەکانی ئەنفلەوەنزا کوشندەکان.



چەند سوودێکی گیای جینسینگ

-1 دۆخی هەزری مرۆڤ باشدەکات و چالاکی سووڕی خوێن زیاد دەکات و هێز و توانا بەجەستە دەبەخشێت و دروستی دڵ دەپارێزێت و لە نەخۆشییەکان دووری دەخاتەوە، ماسوولکەکانی دڵ بەهێز دەکات.

-2 خانە ئازادەکانی نێو جەستە ناهێڵێت و دەپارێزێت لە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە بەتایبەتی شێرپەنجەی سییەکان و گەدە.

-3 ئاستی شەکرەی خوێن دادەبەزێنێت بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە تووشبووی نەخۆشی شەکرە لەجۆری دووەمن، بەرهەمهێنانی مادەی ئەنسۆلین لە ڕژێنی پەنکریاس زیاد دەکات.

-4 توانای بەرگری بە وەرزشوانان دەبەخشێت و ماندوو بوون و شەکەتبوون ناهێڵێت توانای ماسوولکەکان زیاد دەکات، بەسوودە بۆ یاریزانانی لەشجوانی، چونکە توانای جەستەیان بەرز دەکاتەوە.

-5 کۆئەندامی بەرگری جەستە دەپارێزێت بەهۆی دەوڵەمەندی بە دژە ئۆکسین و ڕۆڵی هەیە لە هاندانی بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی تۆستیرۆن.

-6 مرۆڤ لە چەند جارەی ڕەوانی (ئیسهال) و قەبزی دەپارێزێت، ڕێگری لە پیری و دەرکەوتنی نیشانەکانی دەکات.

-7 قژ بەهێز دەکات و کێشەی وەرینی چارەسەر دەکات و ڕێگری لە کەچەڵی دەگرێت و پێستی سەر چالاك دەکات .

-8 توانای سێکسی زیاد دەکات.





خەسڵەتەکانی مەڕی سەردی

ئەم ڕەگەزە مەڕە لەسەرەتای سەدەی 20 دروستبووە لەئەنجامی لێکدانی دوو ڕەگەزی مەڕی ئیتالی بەناوەکانی (ساردا لەگەڵ کۆمیزانا) ئەو ڕەگەزە مەڕە زۆر گونجاوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لەوەڕگایان لاوازە

و گردوو تەپۆڵکەن. تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە کە ئەو ڕەگەزە مەڕە توانای خۆ گونجاندنیان لە دەرەوەی زێدی خۆیان قوورسە. بەرانی ئەو ڕەگەزە زۆر بەناوبانگن و زۆریش ویستراون و داخوازیان لەسەرە، بەرانەکانی بۆ چاککردنی دەستکرد بەکاردێت. ئەو ڕەگەزە بالآیان بەرزە لە نێرە دەگاتە 80 تا 90سانتیمەتر لەمێییەش 55 -65 سانتیمەترە، ڕەنگیان سپییە پەڵەیەکی ڕەش لەسەر ڕووی سەریەوە و دەورووبەری چاوەکانی و پێیەکانی و گوێیەکانی هەیە .

هەریەك لە سەر و مل و زگی بەخووری دانەپۆشراوە، مەڕکان لووتیان ڕاستە، بەڵام بەرانەکانەوە لووتیان قەوقەزە. مەڕەکان شاخیان نییە و بەرانەکانیش شاخی بەهێز و گەورەیان هەیە، زێدی ڕەسەنی ئەم ڕەگەزە مەڕە دەکەوێتە باکووری ئەفریقایە بەتایبەتی وڵاتی مەغریب.

توانای بەرهەمهێنانی گۆشتی ئەو ڕەگەزە مەڕە لەنێوان 45 – 60 کیلۆ بۆ مەڕەکان 70 – 100 کیلۆ گرام بۆ بەڕانەکانە، مەڕی سەردی توانای دابینکردنی تەواوی شیریی پێویستی هەیە بۆ بێچووەکانی. ناوەندی گەشەی ئەو جۆرە ڕەگەزە لەنێوان 170 – 200 گرام بۆ هەر سەر مەڕێکە لەنێوان 10 – 30 ڕۆژ توانای بەرهەمهێنانی خووریەکی سپی و چڕ و ڕێکی هەیە کە هیچ پەڵە و پیسی و ڕەنگی جیاوازی تێدا نییە، لەکاتی بڕینی خووریەکەی 2.2 کیلۆ گرام خووری هەیە، نەرمی خووریەکەی لەنێوان 50 60- دایە بەپێی ریزبەندی براد فۆرم .

تەندروستترین ماوە بۆ مانەوەی خۆراک لە ساردکەرەوە



زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە توانا هەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خۆراك لە نێو ساردکەرەوە یان بەفرگر هەڵگرن و فرێشییەکەی لەدەست نەدات، بۆیە حەفتانە یان مانگانە ڕوو لە بازاڕەکان دەکەن بۆ کڕینی خۆراك و هەڵگرتنی لە ساردکەرەوە بۆ ئەو کاتەی بەکاری دەهێنن.

بەڵام چۆن خۆراك فرێش دەمێنێتەوە؟ و چۆن دەتوانین بۆ ماوەیەکی درێژ بیپارێزین؟ و ماوەی هەڵگرتنی خۆراك بە فرێشی لە ساردکەرەوە چەندە؟.

ماڵپەڕی (فری مالیزیا تودەی) ڕێبەرێکی پاراستنی خۆراکی داناوە بەم شێوەیە:-

گۆشتی سوور و پەلەوەر و ماسیی

گۆشتی سوور و گۆشتی پەلەوەر و ماسیی دەکرێت بۆ ماوەی ساڵێك هەڵبگیرین ئەگەر بەباشی بەستوو بێت، بەم شێوەیە:-

- مریشکی (خاو) لە 9-12 مانگ
- مریشك و قەل (کوڵاو) لە 4-6 مانگ
- قیمەی گۆشتی لە 1-2 مانگ
- برنج (خاو) 6 مانگ
- ماسیی 6 مانگ

شیرنەمەنیەکان

نان / کێك بۆ ماوەی 3 مانگ

هەویر بۆ ماوەی 3 مانگ

کەرە (زبدە) بۆ ماوەی 6-9 مانگ

ماست بۆ ماوەی 2 مانگ

ئایس کرێم بۆ ماوەی 2 مانگ

پیتزا بۆ ماوەی 1-2 مانگ

سەوزە بۆ ماوەی 2-3 مانگ

سوودە سەرسوڕهێنەرەکانی تەرۆزی



ڕووەکی تەرۆزی Snake cucumber سەر بە خێزانی کوولەکییەکانە و ڕووەکێکی گیایی وەرزییە، گەڵاکانی پەڕپەڕ و گوڵەکانی ڕەنگیان زەرد و بچووکن، بەرەکەی درێژە و تا ڕادەیەك بە خەیار دەچێت، دەکرێت تورشی لێ دروست بکرێت یان بە تەڕی بخورێت، لە هەندێك وڵات بە جێگرەوەی خەیار (ئاروو) دادەندرێت.

تەرۆزی بەهایەکی خۆراکی بەرزی هەیە بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڤیتامین و کانزا لە پێکهاتەکەیدا وەك ڤیتامین A,B,C و ئاسن و مەنگەنیز و گۆگرد و پۆتاس و کالیسیۆم و فۆسفۆر لەگەڵ ژمارەیەك لە ترشی ئەمینی. ئامۆژگاری دەکرێت بە تۆکڵەوە بخورێت بۆ وەرگرتنی باشترین سوودی خۆراکی.

زێدی ڕەسەنی تەرۆزی وڵاتە کەنارییەکانی دەریای سپی یە، ئێستا لە ناوچە فێنك و نیمچە گەرمەکاندا بڵاوبۆتەوە.

سوودە تەندروستییەکانی تەرۆزی

-1 خاوێنکەرەوەی خوێنە و ترش و خوێی میزڵدان دەتوێنێتەوە و میز پێکەرە.

-2 تا و پلەی گەرمی دادەبەزێنێت.

-3 لە کاتی ژەراوی بوون و ئازاری ریخۆڵەکان بەکار دێت، هەروەها لە کاتی بەرزبوونەوەی ڕادەی زەرتەك و خوێن بەربوونداا.

-4 بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی جومگە و قۆڵۆن بەسوودە.

-5 بۆ بەدەستهێنانی ڕوخسارێکی تەندروست و بریقەدا و نەهێشتنی خورانی پێستە.

-6 ئەو بەشەی پێست کە تۆکڵ دەردەدات بە گیراوەی تەرۆزی و شیری فرێش دەشۆردرێت.

-7 بۆ گرنگی دان بە پێستی چەور بەکار دێت بە تایبەتی بۆ ڕوخسار.

-8 بەسووە بۆ کەمکردنەوەی کێش.

-9بەهۆی دەوڵەمەندی بە پۆتاسیۆم بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن بەکار دێت.

-10ئاوێتەی (کۆکۆربیتاسینز) و دژە ئۆکسینی تێدایە بۆیە بسووە بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشیی شێرپەنجە. دەرکەوتووە کە تەرۆزی مادەی (فیسیتین فلافۆنید)ی خۆراکی تێدایە کە یاریدەدەرە لە سستی گەشەی شێرپەنجە پڕۆستات.

کاتی چاندنی: بەهاری لە مانگی ئادار و پایزی لە مانگی ئاب دەچێندرێت. کاتی پێگەیشتن بەهاری مانگی مایس تا کۆتایی مانگی حوزەیران، پایزی مانگی ئاب پێدەگات تا مانگی تشرینی دووەم بەردەوام دەبێت.

بڕی تۆو بۆ دۆنمێك (0.5) کگم بۆ هەر دۆنمێك. بەرهەمی هەر دۆنمێك 3-4 تەن دەبێت.

تەرزە باوەکان: خۆمانەوە و عجور.

مان سیتی زەبرێکی کوشندەی بەرکەوت

گابرییێل خیسۆس هێرشبەری بەڕازیلی یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی 3 هەفتە ناتوانێت یاریی بکات.

ماڵپەڕی فەرمی یانەی مان سیتی ئینگلیزی بڵاویکردووە، گابرییێل خیسوس هێرشبەری بەڕازیلی یانەکەی لە یاریی سەرەتای ئەم وەرزەیان بەرامبەر وۆلڤەرهامتۆن لە ئەژنۆیدا تووشی پێکان بوو و دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی، دەرکەوت ئەو یاریزانە بۆ ڕزگار بوو لە پێکانەکەی پێویستی بە سێ هەفتە پشوودان هەیە و ناتوانێت بەشداری هیچ یاریییەکی یانەکەی بکات، لە کاتێکدا ئەو یانەیە سێرخیۆ ئەگوێرۆشی بە هۆی پێکان بەردەست نابێت و ئێستا ئەوان تەنها یەک هێرشبەریان بەردەستە.

خیسۆس بێجگە لەدەستدانی یاریییەکانی سێ هەفتەی داهاتووی یانەکەی، بە هۆی ئەو پێکانە ناتوانێت بەشداری یاریییەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەشی لە پاڵاوتنەکانی ئەمریکای لاتین بەرامبەر بولیڤیا و پیرۆ بکات.

گابرییێل خیسۆسی تەمەن 23 ساڵ، لە گواستنەوەی زستانی 2017 لە یانەی پاڵمێراسی بەرازیلییەوە بە بەهای 32 ملیۆن یۆرۆ ڕوویکردە مانچێستەر سیتی، لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکە لە کۆی 154 یاری 69 گۆڵ و 30 ئاسیستی کردووە و گرێبەستەکەی لە هاوینی 2023 لەگەڵ سیتیزن کۆتایی دێت.



کاسپارۆڤ سەردانی مەزارگای فیچەر دەکات

لەو ڕۆژەی بۆبی فیچەر پیاوە مەزنەکەی شەترەنجی کۆچکردوو پێی نایە تەمەنی 71 ساڵییەوە، گاری کاسپارۆفی ئەفسانەی ئەو یاریییە، سەردانی مەزارەکەی کرد.

ئەمە ساتێکی مێژووییە بۆ شەترەنج، دەتوانین بڵێین ئەو دوو شەترەنجزانەی شەترەنج هیچ کاتێک بەیەکەوە یاریان نەکردووە، بۆیە زۆر لەیەکتری نزیک نەبوونە، بەڵام وەک وەفا دەربڕینێک بۆ ڕۆلی فیچەر لەم یاریییەدا، کاسپارۆف دەچێتە سەر گۆڕەکەی و بۆ چەند ساتێك بەهیمنی دەوەستێ و سەیری گۆڕەکە دەکات، میدیا وەرزشییەکان ئەم سەردانەیان بەگرنگ ناوهێنا و ناماژەیان بۆ مەزنیی ئەم دوو مرۆڤە کرد.

هاوار مورتکەیی

ڕاهێنەرێکی یۆگا باس لە گرنگی ئەم وەرزشە بۆ خەبات دەکات

پەرەنگ جەهانی:

یۆگا سوودی زۆرباش بە مرۆڤ دەگەیەنێت و چارەسەرە بۆ زۆرێک لە نەخۆشییەکانی جەستە

دیانە: پەریهان عومەر

خاتوو پەرەنگ جەهانی ڕاهێنەری یۆگا کە لە شاری مەهاباد لە دایک بووە، زیاتر لە دە ساڵە بەهۆی چارەسەر کردنی سەر نێشەو ژانی پێتی، ڕوو لە یۆگا دەکات، بە هۆی چاك بوونەوەی نەخۆشییەکانی زانیاری زۆری سەبارەت بە یاری یۆگا دەست دەکەوێت، هەر بەم هۆکارەش کورساتی ڕاهێنانی یۆگای لە شاری ورمێ تێپەراندووە و بووە بەڕاهێنەری یۆگا، ئەو دەڵێت یۆگا زانستێکی عەمەلی و عیرفانیە، زانستی وزە و کار کردن لە سەر مۆڵگەکانی بریتییە لە وەحدت لەگەڵ کل و هاوسەنگ بوونە.

بۆ هەموو مرۆڤێك و لە هەموو تە مە نێك

خاتوو پەرنگ بۆ خەبات باس لە یۆگا دەکات و دەڵێت: یۆگا بۆ هەموو مرۆڤێك و لە هەموو تەمەنێك و ڕەگەزێك بە سودە،بەڵام ڕێژەی ژنان کە یۆگا دەکەن لە لە چاو پیاوان زیاتر، بە پێی ئەوەی کە ئافرەتان جەستەیان نەرمترەو هەستەکانیان بە هێزترە زۆرتر هۆگری یۆگا دەبن و سوودی لێوەر دەگرن، هەروەها یۆگا چارەسەرە بۆ زۆرێك لە نەخۆشییەکانی جەستەو ڕوحی بۆ نموونە ژن پشت و سەر و کۆڵۆن و گیرانی شان و مل و کەم خەوی ونەخۆشی دڵ و زەخت و شەکرە ئەو نەخۆشیانەی کە لە بەر سترس و قلقی بۆ مرۆق جارەسەر دەکات.

ماسولکە وسییەکانت بە هێز دەکات

خاتوو پەرەنگ زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و باسی سوودەکانی یۆگا دەکات و دەڵێ: هەندێ سوودی دیمەی یاری یۆگا ئەوەیە کە کێشێکی گونجاوت پێ دەبەخشێت و ماسولکە وسییەکانت بە هێز دەکات، بە پەیرەوی لە فەلسەفی یۆگا خۆت بە باشی دەناسیتەوە و باشتر چێژ لە ژیانت وەردەگریت وخۆت بەو جۆرەی کە هەیت خوش دەوێت، لە هەموو ئیشێك کاتێك دەتەوێ کە سوودی باشی لێ وەر بگری دەبێ ڕۆژانە کاتی بۆ ترخان بکەی، بەڵام بۆ کەسێك کە تازە دەست پێدەکات هەفتانە لە ژێر چاودێری مامۆستایەك یۆگا بکات سودی باشی لێ وەردەگرێت.



کۆمان: ئاساییە ئەگەر مێسی بێزار بێت

ڕۆناڵد کۆمان، ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە بەشداری تێداکرد باسی لە دۆخی یانەکەی کرد.

باسی مێسی و سوارێزی کرد و گوتی: هیچ گومانێکم لەسەر لیۆنێل مێسی نییە، زۆر بەباشی دەیبینم، ئەو نموونەیە بۆ هەموو یاریزانەکان لە مەشقەکاندا، من مێسیم نەدیوە لەکاتی مەشقکردندا هیچ هەڵەیەك بکات، ئاساییە ئەگەر لیۆ بێزاربێت لەوەی کە هاوڕێکەی ڕۆیشتووە، دەڵێن گوایە کە من هۆکاربووم بۆ ڕۆیشتنی سوارێز بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، من لە یەکەم ڕۆژەوە ڕێزم لە سوارێز گرتووە و لەگەڵ ئێمە مەشقیکرد تا کۆتا ڕۆژ، بە سوارێزم گوت کە زۆر بەشداری لە یاریییەکان ناکات ئەگەر بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر مایەوە ئەوا پشتی پێدەبەستم، ئەمەش بڕیاری یانە و کارگێڕییە.

لە بابەتی ریکی پوچدا بەم شێوەیە دوا: من پشت بە ریکی پوچ دەبەستم و ئەویش بانگهێشتکراوە بۆ یاریییەکەی بەیانی، بۆ ریکی ئەمەشیان هەر بڕیاری یانەکەیە، هەندێك یاریزان هەن جێگەیان هەیە لە تیپی یەکەم هەندێکی دیکەش نا.

لە کۆتاییدا ستایشی کۆتینیۆی کرد و دەڵێت: کۆتینیۆ دەتوانێ لە شوێنی یاریزانی ژمارە 10 یاری بکات و هەروەها لە باڵی چەپی یاریگەش دەتوانێ ئاستی خۆی پێشکێشبکات.



چەند یانەیەک دێمبێلێیان دەوێت

دێمبێلیی هێرشبەری فەرەنسی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا لەلایەن یانەکانی مانچێستەر یونایتد و لیڤەرپوول لە ئینگلاند بووەتە ئامانج، بەڵام ئەو یاریزانە نایەوێت یانەکەی جێبێڵێت.

ڕادیۆ کادینا سێری ئیسپانی بڵاویکردووە هەردوو یانە ئینگلیزییەکە ئامادەن هێرشبەرە فەرەنسییەکەی بلاوگرانا بگوازنەوە ریزەکانیان و دەیانەوێت پێش کۆتایی هاتنی وادەی گواستنەوەکانی ئەم هاوینە ئۆفەری فەرمی پێشکەش بە یانەکەی بکەن، بەڵام ئەو یاریزانە بەڕێوەبەری کارەکانی ئاگادار کردووەتەوە لەگەڵ هیچ یانەیەك گفتوگۆ نەکات و ئامادەنیە یانەکەی جێبێڵێت.

سەرچاوەکە بڵاویشی کردووە بارسا بیر لەوە دەکاتەوە دەستبەرداری بێت، چونکە تاوەکو ساڵی 2022 گرێبەستیان لەگەڵ هەیە و ئەو کات بێ بەرامبەر یانەکەیان جێدێڵێت.



ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات XEBAT

Mon.28 Sep. 2020 No.:(6012)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

ڕووبار کاکەیی دووەم بەرهەمی خۆی بەزمانی ماچۆ بڵاو دەکاتەوە

بەردەوام بە جلوبەرگی کوردییەوە دەردەکەوم، چونکە ئیشی من پەیامە، نەوەک فرۆشتنی کارە هونەرییەکانم



خەبات: ئارام شێرکۆ _ کەرکووک

خانمە گۆرانیبێژ ڕووبار ڕەشید کاکەیی لە دایکبووی 1987ـەو یەکەم بەرهەمی بەناوی هاواری کاکەیی بەرلە دوو مانگ بڵاوکردووە کە باسی لە کارەساتی کاکەییەکان کردووە، لەم ماوەیەشدا ڕووبار ڕەشید کاکەیی دووەم بەرهەمی خۆی بەناوی (ناسنامە) تۆمارکرد، کە بەزاراوەی ماچۆیی کاکەییەکان چڕیوێتی، بەرهەمەکە وەك شانازیی بوونی کاکەییەکان بە کوردبوونی خۆیان لە کوردستان و عێراق تۆمارکراوە .

ڕووبار لە لێدوانێکی تایبەتی بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕایگەیاند: لەم بەرهەمەدا بەڕوونی پەیامی خۆم بە گوێی ئەو کەسانە داوە کە دەیانەوێت کاکەیی بلکێنن بەنەتەوە و مەزهەبی دیکە لە عێراق و کوردستان، هەر بۆیە ڤیدیۆ کلیپی گۆرانییەکە بەشێکی لەسەر بودجەی خۆمان بووە، لەگەڵ کۆمپانیایی بابیلۆن کە کاری کلیپ و وێنەگرتنی بۆ کردووین لە گوندی هاواری کاکەیی لە پارێزگای هەڵەبجە.

ڕووبار کاکەیی گوتیشی: ڤیدیۆکە هەموی لە گوندی هاوار تۆمارکراوەو کاکەییەکانی ناوچەی هەڵەبجە لە کلیپەکەمدا بەشداریان تێدا کردووە، کاری دەرهێنانی لەلایەن ڕەنج حاجی بۆ کراوەو ئاوازی گۆرانییەکە لەلایەن دوو هونەرمەندی گۆرانیبێژی کاکەیی ئەحمەد هەیاس و ئیبراهیم فەتاحەوە بۆ کراوەو شیعرەکەی لەلایەن هۆنۆ کاکەییەوە نووسراوە.

ئەو خانمە هونەرمەندە دەشڵێت: کارە هونەرییەکانی من سەرجەمیان پەیام دەبێت و بەجلوبەرگی کوردی دەردەکەوم و ڕێچکەی تایبەتی خۆم تێك نادەم بۆ بەدەستهێنانی ماده، چونکە ئیشی من پەیامە نەوەك فرۆشتنی کارە هونەرییەکانم ئەم ڕێگەیەشم هەڵبژاردووە، چونکە دەزانم هونەر کاریگەری خۆی هەیە، هەروەها دەبینم ئێستا هونەر بۆشایی هەیە لە گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و خاك، بۆیە لەم بەرهەمەدا جگە لەکاکەییەکان وەك خۆبەخش کاری میوزیکیان تێدا کردووە، بە ئامێری کەمانچە کاروان محەمەد کاری تێدا کردووەو ئاراس ڕەفعەت دابەشکردنی دەنگی بۆ کردووەو کاری فۆتۆگرافەریی لەلایەن ستۆدیۆی خەیاڵی شاری کەرکوك بەشێوەیەکی خۆبەخشی کراوەو زۆر سوپاسیان دەکەم لە کەرکوکەوە لەگەڵمان هاتوون بۆ گوندی هاواری سەر بەپارێزگای هەڵەبجە.





ڕەوەند جەواد فۆتۆگرافەر خەڵکی هەولێرە ماوەی پێنج ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیایە سەبارەت بە پێشانگایە نوێیە ڕایگەیاند لە سەر بانگێشتی شارەوانی ڤایکەسهایم، نوێترین پێشانگایی فۆتۆگرافیم ئەمجارە بە هاوبەش ئەبێ ،من وەك فۆتۆگرافێکی کورد بەشدارم،تەواوی فۆتۆگرافەرانی تر ئەڵمانین، ئەو پێشانگاییە فۆتۆیە لە ژێر ناونیشانی (بێ دەنگی)لەبەر ئەوە بێ دەنگی چونکە ویستمان هەر یەکەمان بە چەند فۆتۆیەك گوزارشت لە بێ دەنگی بکەین، من وەك فۆتۆگرافی کورد باسی ژیانی ژنان کورد ئەکەم کە بێ دەنگکراون لە کۆمەڵگای پیاوسالاری ،ئەوە پێشەنگاییە لە 1.10.2020 تاکو 31.10.200 ئەبێت

ماوەتەوە بڵێین ئەو پێشانگایە هەموو ساڵێك بە هاوکاری شارەوانی ڤایکەسهایم Weikersheim لە مانگی ئۆکتۆبەر ئەنجامدەرێت ،ئەوە سێیەم جارە بانگێشتم ئەکەن،بەشدارم ،بێشتر دوو پێشانگای تایبەتیان بۆ کردوومەتەوە ،بەس ئەمجارە بە هاوبەشی ئەو پێشانگای فۆتۆیە ئەنجامدەرێت .



هەمزە سەرحان:

ئەکتەرێکی کورد لە سینەمای ئەڵمانی، بەهۆی ڕۆڵبینینی لە زنجیرە فیلمی «4Blocks»بۆ ڕۆڵی لاوەکی خەڵاتی باشترین ئەکتەری ساڵی ئەڵمانیای بەدەستهێنا.

ڕەوەند تالیب، کورە کوردێکی خەڵکی شاری سلێمانی باشووری کوردستانە و لە منداڵیەوە لەگەڵ خانەوادەکەیەوە نیشتەجێی ئەڵمانیان. ئەو کورە گەنجە لە ناو سینەمای ئەڵمانیدا ئەستێرەی لە هەڵکشانە و چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە و لە چەندین فیلم و زنجیرە فیلمدا بەشداریکردووە.

هەر لەو مەراسیمەدا کارۆل شولە، بوە خاوەنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن بۆ ڕۆڵی لاوەکی، کە لە زنجیرە فیلمی «Skylines»دا بەشداری کردبوو. ئەو زنجیرە فیلمەش لە لایەن سۆلین یوسف، کە سینەماکارێکی خەڵکی شاری دهۆکی باشووری کوردستانە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.

هەروەها هەردوو ئەکتەری ئەڵمانی، ئەلێنا شێربان و بێرنهارد کۆنراد، خەڵاتی باشترین ئەکتەری سەرەکییان بۆ بەشداریان لە فیلمی «GipsyQueen»بەدەستهێنا.